Dr.Saleh Ebrahimi



## گرتنی قەلاّی ئوّرشەلیم

سولتّانی کورد: صەلاحەدین ئەییوبی لە ٢٠ سپتامبری ١١٨٧ی زاینی و ٥٨٣ی مانگی زوّر بوّیرانە شار و قەلاّی ئوّرشەلیم ـ ی گرت، باوەکو خاجداران لە سالّی ٤٩٢ ی مانگی زیاتر لە هەزار موسولّمانیان، لە مزگەوتی ئەقسا سەربری، بەلاّم صەلاحەدین کە پادشای ئورشەلیم: (گی دو لوزنیان) و ٢٠ ئەمیری بە یەخسیر لە دەسابو، تەنیا (روّنوّ دوشاتیون)ی کوشت کە تەوهینی بە پیّغەمبەرکرد بوو وتبوی کاتیّ دیلە موسولّمانەکان (کە خوشکی صەلاحەدینش یەخسیر بوو)، بەردە دەم کە محەمەد، بیّ. (ئالبیّر ١٩٧ تا ٢١١) صەلاحەدین صەلیبی بە **غەنیمەت گیراو** ـ ی دادەس (تەقی‌یەدین ئاموّزای) خویّی کە بە حورمەتەوە بی پاریّزیّ (ئالبیّر ٢٦١) و لەو سەردەمەدا (١١٨٧) کە صەلاحەدین بورجی داود و ئوّرشەلیمی گرت (ناصرەدین) خەلّیفەی عەبباسی، وەک پیریّژن دەسەو ئەژنوّ بیّ دەسەلاّتانە کزوکری کردبو.

صەلادین دوای گرتنی ئوّشەلیم دەستوری‌دا ئەو مزگەوتەی کە بە دەسی حەزرەتی عومەر خەلّیفەی دوەم سازدرابو، دەروژوری بە گولاّوبشوّن. موجیرەدین دەنوسیّ لە سالّی ١٠٦٧ کە خاجداران هاتبونە سوریە، واشکان و تیّشکانیّ وایان بەسەراهات، تائەو سەردەمە بەسەریان نەهاتبو، هەندیّ لە خاجداران بەرە و مەغریب زەمین بەراکردن رویّشتن و بوّ ئاژاوە نانەوەیش، نیگاری حەزرەتی عیسا مەسیح و پیّغەمبەری ئیسلامی‌یان کیّشابو کە پیّغەمبە داریّکی بە دەسەوە بو و عیسای هەلّ دەبری، تا دوبارە شەر بە دژی صەلاحەدین ساز بدەن (پەرەی ٣٠٠ ئالبیّر شاندوّر).

## میمبەری یادگاری

صەلاحەدین ئەو **میمبەرەی** کە نورەدین (شەهید) کە لە کاتی خویّدا لە شاری حەلّەب دەستوری) دا بو، لە داری ئابنوس و مورە **صەع بە عاچ سازی بدەن بەو** هیوایە، روّژیّ

Dr.Saleh Ebrahimi



ئۆرشەلیم بگرێ و لە مزگەوتی **ئەقسا دای بنێ** ـ سوڵتـان **صەلاحەدین دەستوری‌دا ئەو میمبەرە جوانەیان هێناو** (پەرەی ٣٠٧ و ٣٠٨ ئالبێر شاندۆر). بۆ یادگاری خـویـی لە (مسجد الاقصی) سازی‌دا و هەر ماڵ و سامانێک کە بـە صـەلاحەدین‌یاندا هـیچی بۆ خوێی نەویست و پاکی لە نێوان (فەقیهان)، ئەمیران، سـەربازان و هـەژاران، دابـەخش کردو لە مـەسیحیان خۆش بـوو بـە خشـینی و دەسـتوری‌دا نـەخۆشـی خـاجداران لە بیمارستانەکان، تیمار بکرێن و هەزار و پێنەدکەسی لە خاجدار لە ماڵیات دان تەرخان‌و مەعاف کردو (کلیسای گومەزی حەزرەتی عیسای) بـە مـەسیحیانی ئـەهلی سـوریە و یونانیان سپارد، تا بی پارێزن و کەس دەس بۆ ماڵ و دارایی گومەزی پیرۆزنەبا. (ئـالبیر پەرەی ٣٠٢ و ٣٠٣) دەنـوسێ: **پیاوەتی و مرۆڤانی سوڵتانی کورد، لە ژمار نایێ و زۆر مرۆڤانی کرد،** تەنانەت چیغ و چادر و نان‌و خواردەمەنی و گشت پیداویستی ژیانی بەو خاجدارانەداکە دەگەرانەوە بوڵاتی خۆیان، تالیۆار، دەریای ئـیسکەندری یـە، بـەریێ کردن، کە بەگەمی دەگەرانەوە، وە بە دەستوری صەلاحەدین زانای ناودار فەقێ عیسا) بەکارو باری چوار کەس لەکەشیشانی کلیسا، کەدەیان ویست لە ئورشەلیم بمێننەوە باش و پیاوانە راگەیی و ئەوانی لە ماڵیات تەرخان کردو مەو قـوفاتێکـی بۆ ئـەو مـزگەوتە، (مسجدالاقصی) دانا و هۆیی ژیانی مەلا و فەقییانیشی لە بەر چاوگرت. ـ (ئالبێر شاندۆر پەرەی ٤٥٣ و ٣٥٤٩ دەنوسێ: فیلیپ ئوگۆست پاشای فەرانسەوی‌و ریشارد شێـردڵ پاشای ئینگلیسی کەلە ١١٩١ هیرشان هێنا بوو، دەیان ویست (عەکا) بگرن، هەردوپاشا توشی نەخۆشی تا و تۆی و لەرز بوون، **صەلاحەدین گەورەیی و پیاوەتی و مـرۆڤـانی سەیری نواند کە هەرگیز لە ئاوەها هەل و مەرجیکا چاوەروانی نەدەکرا،** چون ئەوانە بە هێرش کردنە سەر موسوڵمانان و ئابڵوقەدانی عەکا موسوڵمانیان تـوشی کـەندوکۆسب کردبو و هەموکەفیان هەڵدە خراند و خۆیان دە خـواردەوە، کـاتێ سـوڵتـانی کـورد، هەواڵی‌زانی دوژمنانی یانی دوژمنانی ئیسلام (و هێرشکار، ئـاوا نـەخۆش کـە وتـون و

Dr.Saleh Ebrahimi



تایانە، **دەستوری دا جوجەکەباب و نۆشابەی فێنکیان بۆ ببەن و هەمو** ڕۆژێ ئەو کارەیان دەکرد تا چابوونەوە.

## کوڕان و میراتگرانی صەلاحەدین

دوای وەفـاتکـردنی صـەلاحەدین (۵۸۹ ی مـانگی و ۱۱۹۳ ـ ز ـ) ئـەوسەر زەوی‌یانەی لەبن فەرمانی ئەوزاتە دابوون لە نێوان کوڕان و مـیراتگـران و سـەیفەدین عادڵ ـ ی برای بەش بەش‌کرا، مەلیک ئەفزەل کوڕی گەورەی لەشـام بـووەجێ‌نشـینی صەلاحەدین، مەلیک عەزیز بووە حاکمی میسر، زاهیرشا لە حەڵەب، مەلیک عادڵ لە جزیرەی کوردستان بووە حاکم (ابن‌اثیر سەرچاوەی بەرو، ۹۷/۱۲ ، ابن‌تغری بـردی ۱۰۳/٦، ابن‌واصل ۳/۳ـ۴، ئەبو فیدا، ۱۱۴۵) بەڵام دوای ماوەیەک بووە شـەر و دیمەشق یان لەدەس مەلیک ئەفزەڵ، دەرهێنا و بە مردنی عەزیزیش لەمیسردا ئاژاوەساز بوو (ابـن‌اثـیر سـەرچـاوەی بـەرو، ۱۲/۱۲۱ ، ۱۴۰، حـەمەوی ۷ـ۱۱ ، ئـەبوفیدا، ۵/۱۲۰، ۱۲۴، ابـن‌فرات ۴(۲)۱۴۴). سـەیفەدین عـادڵ کـەخرا بـووەکـەناری سەرزەوی یەکانی بن دەس صەلاحەدین و لە جزیرە حاکم بوو، مێرانە لەکات و ساتی باشا دەرەتانی بە دەس هێناو لەو ئاژاوەکەڵکی وەرگرت و دیـمەشق و مـیسری خسـتە بـن فەرمانی خوێی و یەکیە تێکی لەو سەر زەوی‌یانە، بەدی‌هێنا (ابن واصل ۳/۱۰۸ ـ ۱۰۹، ۱۱٦ ـ ۱۲۰، ۱۲۳ ـ ۱۲۹، ابن‌فرات ۴(۲) / ۱۷۲ ـ ۱۷۵، ۱۹۳ ـ ۱۹۸، ۲۰۱ ـ ۲۰٦ ، مقریزی، السلوک ۱ (۱) / ۱۵۰ ـ ۱۵۲ ، ۱۵۴ ـ ۱٦۲) عادڵ‌شا بەئاشتی و سازان رای بوارد، نەخاجداران و نەخوێ کاریان بە قڕە قڕو جەنگ نەبوو (ابن واصل، ۳/۱٦۱ ـ ۱٦۲، رانسیمان ۳/۱۲۵ ـ ۱۲۷) مەلیک عادڵ لەکاتی ژیانیدا، مسری‌دابە مەلیک کامل ـ ی کوری و دیمەشقی دا بە موعەزەم و جزیرەیشی‌دا بـە ئـەشەرەف و خوێشی چاوە دێری دەکردن (ابن تغری بردی ٦/۱٦۳). دوای مردنی مەلیک عادڵ (٦٦۵ ی مانگی و ۱۲۱۸ ـ ز ـ) خاجداران هێرشیان کردە سەر میسرو دوای بەر پەرچ

Dr.Saleh Ebrahimi



دانەوەی هێرش کاران، لە نێوان میراتگرانی خانەدانی ئەییوبی ئاگری جەنگ گری گرت (ابن واصل ٢٣٨/٣ ، ١٥/٤ ـ ٢٠، ٣٢ ـ ٣٣ ـ ئەبوفیدا، ١٨/٦، ٢٦، ابن تعزی ٢٣٨/٦ ـ ٢٤٤، رانسیمان ١٨٢/٣ ـ ٢٠٤) مێژو دەنوسێ: **میراتگوان بوڵە نێو بردنی** یەکتر، تەنانەت لەهێزی بێگانەی وەک خارەزمشاهیان، یارماتیان وەر دەگرت کە خارەز مشاهیان دوژمنێ پرمەترسی بوون، بۆ ئەیوبیان، تاوای لێهات (بیت‌المقدس) بێ خوێن ڕێژی درا دەس خاجداران و لەم لا شەوە خارەزمشاهیان و سەلجوقیانی ئاسیای بچوک بەشێ لە سەرزەوی ئەییوبیانیان داگیر کرد (ابن واصل ١٢٧/٤ ، ١٣٧ ـ ١٤٢، جمه! ابن‌تغری بردی ٢٧٢/٦، رانسیمان ٢٢/٣٠-٢٢٥، بارکێر، ١١١ ـ ١١٩). مەلیک **کامل لەهەموان زیاتر پایەدار بوو،** بۆوێنە دوای مردنی مەلیک موعەزەم (٦٢٤ ی مانگی، ابن‌واصل ٢٠٨/٤) ناصرداوود ـ ی کوری لە راست مەلیک کامل خوێی نەگرت و دیمەشقی‌دا دەسی (ابن‌واصل ٢٢٤/٤ ـ ٢٥٢، ٢٥٦، ابن‌تغری بردی ٢٣٣/٦). ـ **مەلیک ئەشرەف** کە دیمەشقی پێدرابوو لە ٦٣٥ دەیویست هێرش بکاتە سەرمیسر و مەلیک کامل لەکارلابا، بەڵام مەرگ‌مەودای پێ نەداو مەلیک صالح ئیسماعیل ـ ی برای ویستی نیەتی مەلیک ئەشرەف بە ئەنجام بگەیێنێ، بەڵام لەراست **مەلیک کامل** خوێی پێ رانەگیراو حوکومەتی دیمەشقی لەدەس دەرهێنا، بەڵام کاملیش هەر لەو ساڵەدا مرد و **بەرەی دووەمی ئەییوبیان دوایی‌هات.** (ابن‌واصل ١٣٦/٥ ، ابن‌تغری بردی ٢٣٣/٦ ـ ٢٣٤ ، ٢٩٩، ٣٠٣). جادوای مەلیک کامل، عادڵ کورەمێرمنداڵەکەی لە جێی باوکی دانیشت، بەڵام مام و براکەی (صالح ئەییوب و صالح ئیسماعیل) بەجوتە لەکارلایان برد و صالح ئەییوب لە میسرو ئیسماعیلیش لە دیمەشق بوونە حاکم (ابن واصل ١٧٤/٥ ـ ١٧٥، ٢٠٢ ـ ٢٠٥، ٢١١ ـ مقریزی سەرچاوەی بەرو، ١(٢)٢٦٧ ، ٢٩٤ ـ ٢٩٧، ابن تغری بردی ٣٠٣/٦ ـ ٣١٢)

**کەندوکۆسب**

Dr.Saleh Ebrahimi



جا دوای ئەمە شام توشی کەندوکۆسب هات، هەریەک لە ئەیوبیان لەگەڵ خاجداران و خارەزمشاهیان بە دژی یەکتر سازان، تاوای لێهات جارێ دیکە (بیت‌المقدس) کە لە بەرا بە دەسی ناصرداوود لە بن دەسی خاجداران رزگار ببو، لە دواییداکەوتە بـن دەس خارەزمشاهیان (ابن واصل ٥/٢١٩ ـ ٢٢١، ٢٢٨ ـ ٢٥٣،ج ١، عاشور، ٩٦ ـ ١٠٤، مقریزی السلوک ١ (٢) ٣٠٣ ـ ٣٠٥، ٣١٤، ٣١٥، ٣١٧، رانسیمان، ٣/١٦٨ ـ ٢٧١) صالح بن ئەییوب کوری مەلیک کامل دیمەشق و (بیت‌المقدس)ی خستە بـن **دەس خوێی و ولاّتی ئارام کردەوە و دە وڵەتی یەکپارچەی لەمیسرو شام دامەزراند** (ابن واصل ٥/٣٤٨ ـ ٣٥١، ابن تغری بردی ٦/٣٢٣ ـ ٣٢٤) بەلاّم گرتنی (بیت‌المقدس) لەدواییدا، بووە هۆی هێرشی خاجداران، بۆسەر میسر (سەرچاوەی بـەرو، ٦/٣٢٩ ـ ٣٣١، رانسیمان ٣/٢٥٣ بە) صالح بن ئەییوب **لەم جەنگەداکە بە جەنگی حـەوتەم ناودارە**، لە ٦٢٧ مانگی و ١٢٤٩ ـ ز ـ وەفاتی کرد، شجرةالدر: (دارەمرواری) ژنـی، مەرگی مێردەکەی ئاشکرا نەکرد، تا تورانشای لە قەلاّی حەسەنکیفەوە، هێنایە میسرو لە سەر تەختی دانا، تورانشای لاو: (جەوان) هێرشی خاجدارانی تێکشکان، بەلاّم تورانشا لە ٦٦٨ی مانگی کوژا و بە شەهید کرانـی **تورانشا حوکومەتی ئەییوبیان رو بـە نـەمان رۆیی،** بۆ ناسیاوی زۆرتری (دارەمرواری: شجرةالدر) بڕواننە پـەرەی ١١٨ تـا ١٢٢ کتیبێ کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دوەم ٢٠٠١/٢/٣ ـ ز ـ بـە قـەڵەمـی (شەپۆل) ـ دیارە قڕەقڕو جەنگ لە نێوان خانەدانی ئەییوبی شکۆ و جـەلالی ئـەوانـی، دوای **وەفاتی سوڵتام صەلاحەدین لە نێو برد.** (ابن تغری بردی ٦/٣٦١ ـ ٣٦٤، ٣٧٢) بە تایبەت کە ئەییوبیان لەگەڵ دوژمنانی وەک **خاجداران و خارەزمشاهیان یـەکـیان دەگرت بۆ لە نیوبردنی سەرداران و پاشایانی دیکەی بنە ماڵەی ئەییوبیان.**

## دامەزراندنی پاشایی کوردی ئەییوبی

Dr.Saleh Ebrahimi



پێویستە بزانین بە هاتنە سەرکاری صەلاحەدین ئەیوبی بنەرەتی پاشایی ئەیوبیان لە میسر دوای مردنی عازید ئاخرین خەلیفەی فاتمی لە ٥٦٧ مانگی و ١١٧٢ ـ ز ـ دەسی پێکرد و بە مردنی تورانشای بن ئەیوب ئاخرین پاشای زنجیرەی ئەیوبی لە میسر لە ٦٤٨ی مانگی و ١٢٥٠ ـ ز ـ کە سەرەتای حوکومەتی مەمالیک دەهاتە ژمار، دوایی پێی هات.

هەندێ لایان وایە، ئەیوبیان لە کوردانی رەوادی کوردی ئازربایجان بوون و شادی باپیرەی سوڵتان صەلاحەدین لە دوینەوە هاتوەتە عیراق (کوری خەلەکان ٧/١٣٩ ـ ١٤٠ ، عبدالباسط ٥١) سوڵتان صەلاحەدین **فێرگە و فێرانکۆ، بیمارستانی** لە میسر و شام سازداوە و هەروا خانەقای بو صوفیان و عاریفان سازداوە و پەرەی بە خواناسی و رێبازی عیرفان داوە و پشتیوانیشی لیان دەکرد، (دایرةالمعارف) بوزوگی ئیسلامی ج ١٠ پەرەی ٧٢٣ تا ٧٢٦ چاپی یەکەم تاران ١٣٨٠ی هەتاوی (سازمانی چاپ) و بلاوکی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی ئیران.

صەلاحەدین لە ٥٦٤ی مانگی و ١١٩٣ی زاینی بوتە سوڵتانی میسرو لەجیی عازید خەلیفەی فاتمی دانیشتووە ـ شادی لەگەل نەجمەدین و ئەسەدەدین شیرکۆ، لە بتوێنە وە، دەچێتە بەغا و لە دواییدا دەروانە تەکریت و شادی لە تەکریت وەفات دەکا، نەجمەدین و شیرکۆ لە دەزگای موجاهیدەدین بیهروز کە لە لایەن سوڵتان مەسعود سەلجوقی یەوە، کرا فەرمانرەوای تەکریت و دامەزرا و نەجمەدین کرابە شارەوانی تەکریت و لەو سەر دەمەدا، عیمادەدین زەنگی حاکمی موسل لە تەکریتەوە دێ و لەکاتی پەرینەوەی لە دەجلە، نەجمەدین یارمەتی دەداو لە نەجمەدین خوشی دیێ و لەگەل خویدا دەیبا و دوای گرتنی بە علەبەک، نەجمەدین دەکاتە حاکمی ئەوێ، دوای مردنی عیمادەدین زەنگی نەجمەدین و شیرکۆ بەجوتە، لای نورەدین مەحمود ـ ی کوری عیمادەدین، دەمێننەوە،

Dr.Saleh Ebrahimi



صەلاحەدین لە لای باوکی لە بەعلەبەک و دیمەشق پەروەردە دەبێ و لە ساڵی **٥٥٨**ی مانگی شێرکۆی مامی صەلاحەدین لەگەڵ خوێدا، دەیباتە میسر، (بۆتێکدانی پێوەندی نێوان شاوێر، وەزیری عازید لەگەڵ خاجداران) وە دەچێتە میسرو لە سەفەری سێوەم لە **٥٦٤** ئەسەدەدین شێرکۆی مامی لە جیێ شاوێر دەبێتە وەزیری (عازیدلدینی للا) ئاخرین خەڵیفەی فاتمی باتنی و صەلاحەدینش، دەبێتە پێشکار و بریکاری مامی و لەو ساڵەدا ئەسەدەدین شێرکۆ وەفات دەکا و صەلاحەدین لە **٥٦٤**ی مانگی **١١٦٩**ی زاینی، دەبێتە جیێنشینی مامی و زانایانو ئەدیبان و لەکار زانانی وڵات لە خۆیی کۆدەکاتە وەو بەرە، بەرە، وزەوهێز پەیدا دەکا و لە موحەرەمی **٥٦٧** و سپتامبری **١١٧١**ی زاینی عازید لادەدا و خودبەی هەینی بەناوی (مستضی) خەڵیفەی عەبباسی لە بەغا، دەخوێنێ و خەڵکێش ئەو بوێری و لەکارزانی یەی صەلادین یان زوڕ پێخۆش دەبێ و لە ئاکاما مەککە و مەدینەش دەکەوێتە بن فەرمانی ئەو زاتە، مرۆ دۆستە، صەلاحەدین، بە رواڵەت پەیرەوی نورەدین بن عیمادەدین زەنگی کوردی شای شام و حەڵەب بوو، **بەلاّم لە راستیدا هەر خۆیی هەمەکارە و تەواو سەربە خۆبوو،** لە ساڵی ٥٦٨ی مانگی و **١١٧٢**ی زاینی تەرابولسی لە بن دەسی نورمانەکان دەرهێنا و تورانشای برایشی لە **٥٦٩** و **١١٧٣** کردە حاکمی یەمەن، لە **٥٦٩** دوای مردنی نورەدین زەنگی، صەلاحەدین سوڵتانی کورد، لە **٥٧٠** و **١١٧٣** ز ـ لەسەر بانگ کردنی خەڵک، دیمەشق و شامی **خستە بن دەس خۆیی** و لە **٥٧٩** و **١١٨٣** ز ـ دوای مردنی مەلیک ساڵح کوری نورەدین زەنگی حەلەب و ئەو ناوەشی گرتە دەس و موسڵ پێتەختی کوردستانیشی گرت و لە **٥٨١** و **١١٨٥** تا **١١٨٦** ی زاینی ئەمیرانی ئەلجزیرەی کوردستانی هێنابن فەرمانی خۆیو خەرج و باجی لێ دەستاندن و **دەوڵەتێکی سازدا، لە فوراتەوە تا ئەو پەرەی نیل،** فەرمانی دەروێی و گشت ئەو مەڵبەندانە بەدەس ئەوبوو، تەنیا چەن قەڵایەک نەبێ کە بەدەس خاجدارانی عیسەوی یەوە ما بوون، صەلاحەدین لە ساڵی **٥٨٣** و **١١٨٧** ز ـ کە

Dr.Saleh Ebrahimi



(حییتەین)ی گرت، دەوڵەتی عیسەوی لە قودس لاداو ئـورشەلیمی خستەبن فـەرمانی خۆیی، ریچاردی یەکەم لەگەڵ پاشای فەرانسەوی **بۆجەنگی سیوّەم خۆیان** ئامادەکردو لە ٥٨٦ و ١١٩٠ ز ـ هێرشیان بۆ ئۆرشەلیم کرد و بۆ ساڵی دوایی ئەو دوانەهاتن ئابلۆقەی (عەکا) یانداجا، دوای ساڵ و نێوێ شەڕ لەگەڵ مـوسولّمـانان لە ٥٨٨ و ١١٩٢ ـ بێ ئەوەی خاجدارانی هێرشکار لە و جەنگانە، نەتیژەیێ بگرن، ناچار لەگەڵ صەلاحەدین پەیمانی ئاشتییان گرێدا، دوای وەفاتی صەلاحەدین،کوران و برا و برازاکانی،گشت ئەو مەملەکەتە پان بەرینەی بن فەرمانی صەلاحەدینیان لە نیوخۆیاندا، بەش بەش کرد، لە و نێوەدا تەنیا سەیفەدین عادڵ برای صەلاحەدین توانی بەرە بەرە بەسەر ئەوانی دیکـەدا، فەرمان رەوایی پەیدا بکا ـ پەرەی ١٠٢٥ تا ١٠٢٦ فەرهەنگی فارسی دوکتور موعین، بەشی ئەعلام جەڵدی ٥ چاپی ٥ ساڵی ١٣٦٢ تاران.

### پەند دادان:

صەلاحەدین سپاهیانی سنجارو موسڵی مەرەخەس کرد، بە مەلیک زاهیر کە دەچۆوە حەڵەب پەندی دا و پیێ فەرمو: «بە خواتان دەسپێرم، نـابێ لەرێ حـەق لابـدەن هـەر ئەوەیشە رێگای ئاشتی و پێکەوەسازان، ئاگادار بن لە خۆوە خوێنی کەسێ نەرێـژن چون خۆینی بە ناحەق رژاو، هە رگیز راناوەستێ، بکۆشن دڵی ژێر دەسان بەجێ بێنن؛ ژیرانە لە خەڵک و نیشتمان و موسوڵمانان دیفاع بکەن و بۆ چاک حوکومەت کردن ئەبێ بزانن چلۆن دڵی ئەمیران و وەزیرانی خۆتان بە دەس بێنن، من تەنیا لەم رێگاوە بەم گەورەیی یە گەیشتوم،کە دڵی خەڵکم بە چاکەوکار چاکی خۆم بە دەس هێناوە، دەبێ وریا بن قەت نیەتی خرابتان بەکەس نەبێ» . **ـ ئەم قسـانە، نـیشانەی گـەورەیی و خـویی مـرۆڤـانی صەلاحەدینە، مرۆیێ کە دوژمنانیش باوەریان بە عەزەمەتی رۆحی پاکی ئەوزاتە هـەبو** (ئالبێر پەرەی ٥۴٨) ـ سوڵتانی کورد،کەسی ساڵ بوو لەگەڵ خاجداران لە شەرابو لە ۴ نوامبری ١١٩٢ ی زاینی گەراوە دیمەشق، خەڵک **وەک عاشق چون بە پیریەوە** و بـە

Dr.Saleh Ebrahimi



شایی و خۆشی یەکی لەرادە بەدەر **بۆ ماوەی چەن حەوتە لە دیمەشق کردیانە جێژن.** گشت خەڵکی شار بە شادمانیەک کە بە ئیفتخاری رەسەن‌ترین و نەجیب‌ترین و نابترین قارەمانی کورد و ئیسلام سازیان دابو، بە شداریان دەکرد، لە زەمانی حەزرەتی محەمەد (د ـ خ) تا ئەو دەمە هەرگیز شانازی و ئیفتخاری کەسێ بەو پرشنگ و درخشانیە، نە درەو شاوەتەوەو پرشنگی نە داوە. صەلاحەدین گەورەترین سەرکەوت و زاڵبونی گشت دەورانی ئیسلامی کە هەمان سەرکەوتە لە **(حیتەین)،** بە دەس هێناوە و پیاوانە گشت دەروازەکانی (بیت‌المقدس)ی بە روی موسوڵمانان کردەوە و ئەو لەکاتی ژیان و لەدوا رۆژیشدا **بەشیری مرۆڤانی و کوردانەو ئیسلام، ناسراوەو دەناسرێ و ناوی پیرۆزی لە دوا رۆژیشدا** مەترسی لە دڵی دوژمنان دەچێنێ. لە دورترین وڵات ئەمیران، سەروکانی کوردو هۆزەواری و قازیان و زانایان و شاعیران دەهاتنە دیمەشق بۆ سەلام و بە خێرهاتنەوەی، شاعیران لە پەسەندی ئەوزاتە، دادی وتەیان داوەو لە و پەری دنیاوە تا(تبت) و نێو جەرگەی روژهەڵاتی ناوین، تا حەبەشە، مەکە، بەرە و بە حری خەزەر، هەر کەس یا هەر شاعیرێ کە بە سەرهاتی قارەمانان دەگێرنەوە، **ئەفسانەی صەلاحەدین** نابترین قارەمانە، وە پەسەندی دەکەن و پیێ دا هەڵدەڵێن...

## وەفاتی سوڵتانی کورد

بە داخەوە ئەو رۆژە پرشنگدار و بێ عەیب و بێ لەکەو دنیا روناک کارەوە لە رۆژی چوارشە مە ٤ مارسی ١١٩٣ لە ٥٦ ساڵیدا وەفاتی کرد، صەلاحەدین لە ١١٣٧ لەدایک بووە ـ ئەلعیماد، وتویەتی لە ٢٧ی مانگی سەفەرو محەمەد بن ئەلقاسی دەڵێ لەرۆژی شەمە ١٣ی رەبیعی ئەوەڵ و ١٩ دەی مارس وەفاتی کردوە و لە ئەعلامی زەرەکلی ج ٨ پەرەی ٢٢٠ چاپی ٦ بیروت ١٩٨٤ ـ ز ـ ساڵی [٥٣٢ ـ ٥٨٩ ی مانگی و ١١٣٧ ـ ١١٩٣ی زاینی] بۆدانراوە ـ ئالبێر پەرەی ٥٥٥ و ئەلمنجید ئەعلام چاپی ٢٠ حزیرانی ١٦٨٢ ز.، ئەلعیماد دەنوسێ: **«کاتێ ئەوئە ستێرەگەشە بە نوختەی** ئوفولی

Dr.Saleh Ebrahimi



خۆیی گەیی، تاریکی جێیێ ڕۆژی ڕۆشنی داگرت،کە رامەت لە نێوچو، دژ و دوژمنی بە هەمو شوێنا بلاو بۆوە، وە مەلیک فازیلی کوڕی بەدەسی خوێی لەشی پاک و خاوێنی سولتانی کوردی شوت و کفنی کردو بە یارمەتی خەتیبی دیمەشق بە خاکیان سپارد، صەلاحەدین وەفاتی کرد و بە مردنی ئەوزاتە گۆیی ڕۆژ هەر لەبەرە بە یانەوە ئاوا بوو ڕۆحی دنیا پەر و باڵی گرتو دای لە شەقەی باڵ و هەڵفری، ئیدی جیهان ئەوکێوەی نەما کە لەنگەری پیێ رادەگرت و نەی دەهێشت بلەرێ.

**شین و شینگێڕی** لە ولاتانی موسولمان نشین، بووەگشتی، هەروەک بە هائەدین نوسیویەتی: بەراستی دوای مردنی (ئەبو بەکر و عومەر) خەلیفەی ئیسلام زەربە و زیانێ واگەورە لەکورد و ئیسلام نەکەوتووە، لە مزگەوتی شاری مەککە و شاری مەدینە چیها دوعای خێریان بۆکردو ئەمەیش خوێی عێزەت و قەدر و حورمەتێ بو،کە لە خو لەفای راشیدین صەلاحەدین،گیراوە و **مەرقەدی صەلاحەدین لە فێرگەی** ئەلعەزیزیە، لەنزیک مزگەوتی (ئەمەوی): مزگەوتی نوێژی هەینی شاری دیمەشق زیارەتگەیە و ڕۆحی پیرۆزو مدفەرکی سەدە بە سەدە نورانیتر و پرشنگدارتر دەبێ.کاتێ سولتان صەلاحەدین لە ١١٨٥ ز ـ لە موسڵ پاتەختی کوردستان نەخۆش دەبێ خۆیی وەسیەت دەکا، لە دیمەشق لە شوێنێ بینێژن خەڵکێ زۆر لە وێوە بێن و برۆن تازیاتر دوعای خێری بۆبکەن (ئالبێر پەرەی ٢١٨ و ٥٥٨) تەرجەمەی محەمەدی قازی چاپی ١٣٦٩ بلاوکی زەرین تاران ـ وە بەهائەدین مونشی و مریدی صەلاحەدین لای ئەوزاتە نێژاوە. خوا ئاگای لیان بێ:

**ئەوزاناو پیاوەگەورانەی** لەگەڵ صەلاحەدین بوون لەکوردان کەسانێ وەک: هەکاری محەمەدبن محەمەد ئەبولقاسم **هەکاری ئەبو عەبدوللا** کە لە ٦١٤ی مانگی و ١٢١٧ی زاینی وەفاتی کردوە کە بە بەدرەدین فەرماندەی جەنگ لەگەڵ خاجداران، ناودارە، کە موشاویری مەلیک موعەزەمی ئەییوبی بووە و فێرگەی لە قودس بۆشافعیان و لە نیزیک

Dr.Saleh Ebrahimi



ئەلخەلیل مزگەوتی داناوە و لەجەنگی فەرەنگدا شـەهید و لەقـودس نێـژراوە ـ کشـف الظنون ١٢٤٧ و ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ پەرەی ٢٧ چاپی ٦ بیروّت ١٩٨٤ ـ ز ـ هەروا **زاتیّ وەک بەهائەدین** ـ فەقیهی زانا، **ئەبو محەمەد زیائەدین عیسا** کوری محەمەد کوری عیسا هەکاری موشاویری شێرکوّی مامی صەلاحەدین و موشاویری صەلاحەدین بووە، **حیسامەدین ئەبو هجا سەرداری ناوداری کورد**، ئەمیر **بـەهائەدین، ئـەبو هـجا** نـاودار بەخەپلە، موعیزەدین پاشای سنجار، بن عومەر شازادەی جزیرە، (عەرەبان کوردستانیان بە جزیرە ناونا، جزیرەیانی کوردستان، قەهستان یانی ولاّتی کوردستان کـە کـویّسـتانە، **ئەمیر سەیفەدین مشتوب**، بەهائەدین **ئەسعەدبن** یەحیابن مـوسا بـن مـەنسور سـنجاری **شافعی فەقیه، زانا**، شاعیرو یەکیّ لە نیّزیکانی صەلاحەدین بـووە، **عـیمادەدین** کـوری شازادەی موسلّ، ئەبو عەباس صەلاحەدین **ئەحمەد هەولیّری** لە نیزیکانی مەلیک قاهر بەهائەدین ئەییوبی و مەلیک (موغیث) بن مەلیک عادل لە شام و لە دوای مردنی مەلیک (موغیث) چووەتە قاهیرە لایمەلیک کامل ئەییوبی، **فەقیّ عـیسا زانـا و نـوسەر**، ئـەبو مەحاسین بە**هائەدین یوسف موسلّی** لە خانەدانی کوردی بەنی شەداد ـ ە ـ کە لە بەشیّ لە ئازربایجان لە ٩٥١ تا ١٠٧٥ ی زاینی خـانەدانـی شـەدادیـان سـەلّتـەنەتیان کـردوە، بوّویّنەشاری نەخجەوان، تەفلیس و گەنجە و بەردەعە، یان لەبن دەسابووە، (لە ئەلبولدانا نوسراوە: لە بەردەعەدا دەروازەیەک بە ناوی دەروازەی کوردان هەیە، ئـەونەی زانـاو داناو موفەسیرو مـوحەدیس، تیّـدایـە نـاتوانـم بـاسی هـەمویان بکـەم، بـەناچار نـاوی هەندیّکیان، دەبەم، شەفیع کەدکەنی شاعیری ئیّرانی وزانایانی دیکە نـیزامـی گـەنجەوی روّستەمو شیّخی ئیشراق، دیارە کوردن! بە کـورد، دەزانـن). ـ دنـیای سـوخەن. قـازی **بەهائەدین** کاتیّ صەلاحەدین زانی ئەو زانا و ئەدیبە هاتوّتە دیمەشق نـاردی هیّـنایان و کردی بە قازی عەسکەر و تەولیەتی ئاستانی قودس، هەمیشە هاوریّ سولّتانی کورد بوو، ئەوزانا لەکارزانە لەکاتی تەسلیم کردنی صەلاحەدین بە خاک جازر بوو نـەی هیّشت

Dr.Saleh Ebrahimi



جیایی بکەویتە نێوان کوڕان و براوبرازاو کچانی صەلاحەدین و یەکی خستن و لە پاشان چووە میسرتا **مەلیک عەزیز عوسمان** بن صەلاحەدین بکەنە جێی نیشی باوکی. پێویستە بزانین **صەلاحەدین سولتانی کورد زۆر پیاوانە ئیمپەراتوری یەکی گەورەی دامەزراند،** بەلام کوڕان، برا، برازا، نەوەو نەوەزا و کچان و کورانی ئەوزاتە گەورەو، کردیانە شەڕ وشۆڕ و داروبەردیان بە سەر یەکدا دا و مولک و پاشایەتیان لەکیس خۆیان و کوردان‌دا و دژ و دوژمنان، بە سەریاندا زال بوو، کەچی عوسمانە تورکەیێ، بە درۆ چەن تال موی‌گرت بە دەسەوە و رای‌گەیاند کە هی‌ریش و مەحاسنی پێغەمبەرە (د ـ خ) و عابایەکی پەیدا کرد و دای بە شانیدا و گوتی ئەمەش هی (محەمەد رسول‌الله) یەو خۆی کردە خەلیفە و دوای مردنیش دایە دەس تورکێ دیکە، هەروا ئەو خەلیفەگەریە دەس، بە دەس گەڕا تا پێنسەد، شەش سەد سال، ئەو تورکانە خۆیان بە سەر موسولمانانندا، سەپاند، **نازانم بۆ بنە مالەی صەلاحەدین وکورد، نەیان توانیوە کارێ وا بکەن و دەولەتی کورد، سازبدەن و پیکەوە بسازێن،** ئەمجارەش کە لە ٩ی ئاوریلی ٢٠٠٣ی زایینی بە هۆی ئەمریکا و ئینگلیس، **زالم و مارزێ وەک صەدام لە بەغا،** لە سەرحوکم لابراوە و شورت و گوم کراوە و هەل و مەرجێ باش بۆ دامەزراندنی دەولەتی **کوردی ئامادە کراوە،** تۆ بلێی جەنابی سەروک کاک مەسعود بارزانی و مام جەلال تالەبانی ئەمجارە، پێکەوە بسازێن و کورد، دەروازەی ئازادی و سەر بەخۆیی و بە ختەوەری بۆ بکرێتەوەو لەبن چەپوکی نامۆ رزگارمان ببێ، خوا روحم بەکورد بکا، هیوادارم، ئەمجارە کورد، سەرکەوێ.

**گاردی تایبەتی ناصری سولتانی کورد، لەکوردانی** حەلەب، فەخرەدین‌گا زێڕین، قازی بن شەداد، قازی حاجی یوسف، سازدراو صەلاحەدین (فاتمیانی باتنی) لابرد و خۆی بوە قارەمانی نەمرو هەمیشە زنیدوی کورد و کوردستان جا، سەلتەنەتی سوریە، فەلستین، حوران، ماوەرای ئۆردون، جزیرەو کوردستان، مزۆ پۆتامیا: نیودوروان، یەمەن، شام، موسل پێتەختی کوردستانی، کردە تایبەت بە خۆی و ئەرمەنستان ـ ی خستە بن فەرمانی

Dr.Saleh Ebrahimi



خویێو زنجیرەی جیاجیای حاکمانی ئاژاوەچی **لە نێو برد و ئاشتی و پێکەوە سازانــی، بەدی هێنا.** (پەرەی **۵۵۲** تا **۵٦٠** ئالبێر تاران). ـ **قازی بەهائەدین** لە وکارەی خۆیدا سەرکەوت و مەلیک عەزیز عوسمان بن صەلاحەدینی لە میسرکردە جێ نشین باوکی ولە سالّی **۵۹۱** ی مانگی مەلیک زاهیر غیاسەدین ئەمیری حەلەب قازی بەهائەدینی بانگ کردەلای خویێ وکردی‌یە قازی شەرعی حەلّەب، تا لە ٦٣٢ ی مانگی وەفاتی کـرد، قازی بوو. قازی بەهائەدەین کتێبی نەوادری سولّتانی و مەحاسنی یـوسفیەی لە سـیرەی سولّتان صەلاحەدین ئەیوبی و (دلائل الاحکام) ی لە (حدیث) دا و چەن کتێبی بەنرخی دیکەشی دانـاوە. ـ **عومەربن ئەبوبەکر موسک مەریوانــی** مـوشاویرو هـاودەمی ئـەمیر عیزّەدین موسکی صەلاحی بووە، یەکێ لە فەماندەهانی میسر، لەکاتی سەلّتەنەتی پاشایانی ئەییوبی لە و لأتی میسردا. ـ **نەجمەدین ئەیوب محاسن** بن (عـین‌الدوله) بـن نـەسرولّلا کوردی خەلاتی، زانا بە عیلمی (هیئت و ریاضی و نجوم) لە دەرباری سولّتان مـەلیک صالح (٦٣٦ ـ ٦۴٧ هق) بن مەلیک کامل ئـەییوبی ژیـایەوە و (مـنجم و مـحاسب) ئەوبووە. ـ **نورەدین ئەبوبەکر** محەمەدبن محەمەد بن عەبدولعەزیز بن عەبدوسەمەد بن رۆستەم سیرتی لە شاعیرانی گەورەی دەرباری مەلیک ناصر ئەییوبی بووەو لە **٦١٩** لە دایک بووە **٦۵٦** ی مانگی وەفاتی کردوە ـ ئەعلامی زرەکلی ج **۵** پەرەی **١٠٢** چاپی ٦ بیّروت **١٩٨۴** ـ ز ـ ئەمینەدین عەلی بن عوسمان بن عەلی بن سلّێمان صوفی **هەولێری زاناو شاعر** و ئەدیب، لە حوکومەتی مەلیک ناصر صەلاحەدین ئەمیری شام و یەکێ لە سپایان بووە. ولە فیوم وەفاتی کردوە.ـ ئەعلامی زەرەکلی پەرەی **٣١٠** ج **۴** چاپی ٦ بیّروت **١٩٨۴** ـ ز ـ فوات الوفیات **۵٧:٢**، وصلة التکملة. ـ شیخ صدیق بن بـه در بـن حەناح هەولێری عارف و پارسایی گەورەکەجییێ باوەری خانەدانی ئەییوبی بووە وکاتێ مەلیک مەسعود کوری مەلیک کامل ئەییوبی لە **٦٣٦** لە مەککە وەفات دەکا، وەسیەتی کردوە، کە شیخ صەدیق، بێ تەشریفات تەسلیم بە خـاکـم بکـا، وفـیات **٣ : ۵٠٣** . ـ

Dr.Saleh Ebrahimi



**ئەسەدەدین سلێمان** هەزبانی موسکی بن داود بن عیمادەدین بن ئەمیر کەبیر عێزەدین هەزبانی موسکی کە لە ٧٦٧ی مانگی وەفاتی کردوە، باوکی یەکێ لەئەمیرانی مەلیک **ئەشرەف بن مەلیک عادلّ ئەییوبی و با پیریشی (ئەمیر عیزەدین موسکی) کورخالّی سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی بووە،** ئەسەدەدین ئەمیرێ پرفە زل و ئەدیب و شاعیر و لەمەردانی لە شکری و سیاسی بووە. لۆغتنامەی دیهخودا پێتی ئەلف. کوری فەراش کە لە ٥٨٨ ی مانگی و ١١٩٢ ـ ز ـ وەفاتی کردوەو ـ عیمادەدین کاتب ئیسفاهانی ناودار ـ ئەعلامی زەرەکلی ج ٧ پەرەی ٢٦ چاپی ٦ بێروت ١٩٨٤ ـ ز.

## مەسەلەی موسلّ

لە موسلّ ئاژاوە روی دابو و قایمز، وەزیری لەکارزانی عێزەدین مەسعود کە لەوتویژی خوّی لە دیمەشق ناکام مابوو خرابووە زیندان و پاشازادەکانی سەربە موسلّ بە دژی عێزەدین مەسعود پاشای موسلّ راپەریبون، خەلّیفەی بەغا لە صەلاحەدینی ویستبو تا لەگەلّ **سولّتانی موسلّ ئاشتی بکا** و خویشی بەشێ لە بەشەکانی موسلّی داگیر کردبو و هاتبووە شەری پاشای موسلّ، عێزەدین مەسعود، لەو هەمووە کە ندوکوّسبەی هاتبووە، ریێ، ترسا و ناچار قایمزی کردەوە، وەزیر، جا بە خەیالّ بوّ ئەوەی خوّنیشان بدا هێرشی کردە سەر، مالّ و مولّکی موزەفەرەدین، شازادەی هەولێری وهەموی ئاگردا، ئەویش ناچار دەسی یارمەتی وەرگرتنی بوّلای سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی لە سوریە درێژکرد کە بە دادی بگاو بەلّێنیشی دابوتا **٥** هەزار دینار لە بابەت خەرجی لەشکرکێشی بوّ سەرموسلّ بدا، صەلاحەدین بێ درەنگ، ریگّای فوراتی گرتە بەرولە **٥** یمانگی مە **١١٨٥** ز ـ کەلە حەران (هاران) بوو، هات بە هاواری یەوەو کوّمەگی پیێ کرد، ئەویش خەرج و شەکە زەکاتی حەران و ئوّرفەیدا بە صەلاحەدین و جاموزەفەردین بە یارمەتی دانی صەلاحەدین، گەرایەوە هەولێر، سەرمالّ و پاشایی خوێی. دوای ئەوە صەلاحەدین لە شوێنێ بە ناوی (راس العین) چاوی بە یەکێ لە حامیانی بین‌النهرین ـ ی خوێی کەوت

Dr.Saleh Ebrahimi



کە بە هۆیی موزەفەرەدین شازادەی هەولێر، خەبەری شازادەکانی رۆم، ئێران و کوردستان و ئەرمەنستان و ماد madie ی پێ رایانگەیاندوەکە لە حوزوری سپاهیانی سوری لە دوڵی فورات دا، نیگەرانن و سوێندیان خواردوە،کە ئەگەر صەلاحەدین دەس لە دەس دریژی بۆسەر موسڵ هەڵنەگرێ،گشتمان پێکەوە، دێینە شەڕی، ئەو شازادانە گشتیان لەوە دەترسان کە ئەگەر صەلاحەدین موسڵ بگرێ، دێتە سەر ئەوانیش و موڵک وماڵی ئەوانیش دەگرێ. هەروەک ئەمریکا و ئینگلیس لە ٩ ی ئاوریلی ٢٠٠٣ ز ـ دا، صەدامی مارزیان لابردو شورت و گومیان کرد، دەوڵەتەکانی دراوسێی عێراق دەترسن، بکەونە بن دەس، ئەمریکا ـ جاکەو تونەتەقێژە قیژو خوتەو بوڵە بوڵ.

**نوکتە مەسەلەی موسڵ سەیرە،** زەمانێ مەلیک غازی شیخ عوبەیللا نەهری شاهی شەمزین لە ساڵانی ١٨٨٧ تا ١٨٨٠ کە راپەریبوو مەهابادی موکریشی کردبوّوە، **ناوەندی فەرماندەیی خوێی،** بە یارمەتی یاران و هەمزاغای مەنگور و شێخ عەبدولقادر ـ ی کوری ناودار بە عەوسی سانی، دەیوێست موسڵ بکاتە **پێتەختی کوردستان،** ئێستایش کە صەدام عەفلەقی ئەو هەمووەکانیاو، باغ و باغات، موچە و مەزرای لەنێو بردوە و ئەو هەموە کوردەی کوشتووە و زیاتر لە **١٨ هەزار بارزانی بە نێوی ئەنفال شرت و گوم کردوە وزیاتر ١٨ هەزار کوردی فەیلی کوشتوە و بەهەزارانی لە کوردە فەیلیانە لەسەرماڵ و موڵکی باو با پیرانیان دەرکردوە و ئاوارەی هەندرانی کردون زیاتر لە ١٨٢ هەزار کوردی بەئەنفال لە نیوّ بردوە و هەڵەبجەی بە بۆمی شیمیایی کردوّتە هێروشیمای کوردستان و سوتاندویەتی و زیاتر لە ٥ هەزار زاروک وژن و پیاو،** کچ و کوڕی کوشتووە و هەزاران دێ و ئاوایی و شاری وەک سەردەشت، مەهاباد، بانەو... و وێران کردوە و کوردەکانی لە موسڵ و کەرکوک و ئەودەوەرە، دەرکردوە و ئاوارەی کردون: خوا هاتووە، بە هاواری کوردی مەزلوم و بەشخوراو، ئەمریکا لە ٢٠٠٣/٣/٢٠ ی زایینی هاتە سەرصەدامی مارزوزاڵم و دەیەوێ دەری بکا، تا لەوە زیاتر لە نێو خاکی کوردان دا، لە وەزیاتر ئیفساد نەکا و کوردان لە موّسل پێتەختی

Dr.Saleh Ebrahimi



کوردستان و لە کەرکوک و شارو ئاوایەکورد نیشنەکان دەر نە کا لە،وە زیاتر کورد نە کوژی و ئاوارەیان نە کا، کەچی هەندێ لە دەولەتان لە سەر صەدام حسێنی جەلاد بە جوابن و لە بنەوە خەلک هاندەدەن بۆ خۆنیشان دان بە دژی جەنگ تا صەدام لە سەر حوکم بمێنێ، بەلام لەدەمیان دەرنایێ با صەدام بڕواکە تاوانباری ئەسلیە، نالێن دنیا وتی: با صەدام لەسەر کارلاچێ تا شەڕ ڕو نەدا، صەدام لانەچو، شەرقەوما، ئەوساکە صەدام کوردستانی کردبووە، گۆمی خوێن کەس فزەی دەرنەهات و ئەوانەی ئاگادارن باش دەزانن **کورد** هەرگیز شەڕ خواز نەبووە و نیەو شەڕ لەهەر هەل و مەرجێکا بە تاوان دەزانێ و ماحکومی دەکا و کورد لە مافی خوێی لە سەرمالی خۆیی دیفاعی لە خوێی کردوە و هەرگیز نەچووە مالی خەلک داگیر بکا وقەت ئاوا یەکی تورک، یا فارس و عەرەبی داگیر یا وێران نەکردوە، دنیا یەکی سەیرە، بۆ مەگەر **کورد لە زارۆکانی ئادەم و حەوا نیە، بۆ نایانەوێ کوردیش حوکومەتی تایبەت بە خوێی** هەبێ، چیە چەقەوماوە (شەپۆل). نوکتە: بۆزانین سولتان صەلاحەدین دامەزرێنەری ئیمپەراتوری ئەییوبی، دوای ئەبوبەکر و عومەر، خەلیفەی ئیسلام، **ئەبو موزەفەر، ناسرەدین، صەلاحەدین گەورەترین قارەمانی کورد و ئیسلامە** و لە بتۆین لەدایک بووە و لە کوردانی رەوادی و هەزبانییە، یوسف بن نەجمەدین بن ئەیوب بن شادی لە زانینەکانی عیرفان، قورئان، (فقە) ئەدەب، فەرمودە، شیعر، رەگەزناسیو رووداوەناسیدا، زۆر شارەزابووە، ـ ئەیوب بۆتە پێشکار لە موسل و دیمەشق و بەغا، صەلاحەدین لەگەل نەجمەدینی باوکی و شێرکۆی مامی چۆتە لای نورەدین زەنگی کورد، پاشای دیمەشق و حەلەب و موسل و بە دەستوری نورەدین لە **٥٥٩** ی مانگی لەگەل شیرکۆیمامی چوتە میسرو دوای ماوێ دەبێتە وەزیری عازیدی خەلیفەی فاتمی و هێرشی فەرەنگ بۆ سەر (دێمیات) بەرپەرچ دەدا و لە **١١٧١** عازید لادەدا و خاجداران ڕاو دەنێ و موسل پێتەختی کوردستان و سوریە دەگرێتە دەس و لە **١١٨٧**ی زاینی (لوزینیان)ی پاشای ئۆرشەلیم (قودس) قۆل بەست دەکا و لە **٥٦٩**ی مانگی نورەدین دەمرێ و لە **٥٧٠** خەلک صەلاحەدین بانگ دەکەن تابە سەر خاکی بن دەسەلاتی نورەدین، ڕابگاو لە و بەینەدا، بەعلەبەک، حیمس، حەماتو حەلەب دەگرێ

Dr.Saleh Ebrahimi



و دەس دەکا بە بازسازی میسر و شام ولە ۵۷۸ بۆراونـانی خـاجداران لە مـیسر دێـتە دەرێ و لە جەنگی **(حیتەین)** خاجداران لەوێ، لە فەلەستین، لە بە ستێنی شام، تەبەرییە، عەکا، کارەساتی (سور) کە لە ۵۸۷ پاشای فەرانسە لەگەڵ شای ئینگلیس بە سپایێ فرەوە (عەکا)یان لە دەس صەلاحەدین دەرهێنا، هەر چەند هەر زۆر ئازایانە بە رەوانی کـرد، سەرەنجامیش ریچارد شێردڵ delion Riehardcorur لەگەڵ صـەلاحەدین سـازاکـە عەکاتا یافا بەدەس خاجدارانە وە، بێو بیش توانن زیارەتی قودس بکەن و ئێتر شێردڵ گەراوە، ولاتی خوێ. ـ **کتێبێ زۆر لە بابەت صەلاحەدین، نوسراوە** هەروەک: روضتین لابی شامە، نوادر السلطانیە و المحاسن الیوسفیە والبرق الشامی کە ۵ جەڵدە، لە بـابەت فتوحات، کارەساتی شـام، ـ النـفس القُسـی فـیالفـتح القـدسی لعـمادالدیـن الکـاتب، الکامل لابن اثیر، صـلاحالدیـن الایـوبی و عـصره لمـحمد فـرید ابـی حـدید، و حـیاة صلاحالدین الایوبی لاحمد بیلی المصری ـ تاریخی ئەییوبیان جەماڵەدین مـحەمەد بـن سالم بن واسل، تەرجەمەی پەرویز ئەتابەکی چاپی ۱۳۶۹ تاران ـ و صلاحالدین ایوبی آلبیر ـ دایرةالمعارف اسلامی ـ المقریزی کتاب الخطاط ـ کمالالدیـن تـاریخ حـلب، ابن خلدون کتاب عبر ـ ابن خلکان وفیات ـ حاتم انور اشعار حماسی جنگهای صلیبی لە ۳ جلد، چاپی ۱۹۳۲ ز ـ بهاءالدین ابن شداد ـ والاسلام و الحضارة ـ و طبقات سبکی، و مرآة الزمان و مفرج الکروب، و الاعلام لابن قاضی شبه ـ و النجوم الظاهره ـ و شذرات الذهب ۲۹۸:۴ ـ و الفاطمیون فی مصر ۳۰۸ ـ و شەرەفنامە بەکـوردی و فـارسی، و Huart 189، و مختصر تاریخ العربُ و التمدن الاسلامی لسید امیرعلی ۳۰۳ ـ ۳۲۰ ـ و دوائر المعارف البریطانیه و الفرنسیه و الاسلامی ـ و ئەعلامی زەرەکلی ج ۸ پەرەی ۲۲۰ چاپی ٦ بێروت ۱۹۸۴ ز ـ وبە دەیان سەرچاوەی فارسی و ئینگلیسی و فـەرانسـەوی وەک: ابن اثیر، التاریخ لباهر، بەکوشش عبدالقادر احمد طلیمات، قاهره، ۱۹۶۳ م؛ هەر ئەوە، الکامل؛ ابن تغری بردی، النجوم؛ ابن خلکان، وفیات؛ ابن شداد، محمد، الاعلاق الخطیرة، بەکوشش سامی دهان، دمشق، ۱۱۵٦ م؛ هەر ئەوە، النـوادر السـلطانیة، بـە کوشش جمالالدین شیال، قاهره، ۱۹۶۴ م؛ ابن ظافر، علی، اخبار الدول المنقطعة، بە

Dr.Saleh Ebrahimi



کوشش آندره فره، قاهره، ۱۹۷۲م؛ ابن عبری، غریغوریوس، تاریخ مختصر الدول، بیروت، ۱۹۵۸م؛ ابن‌فرات، محمد، تاریخ، به‌کوشش حسن محمد شماع، بصره، ۱۳۸۹ ق / ۱۹۶۹ م؛ ابن واصل، محمد، مفرج الکروب، ج ۱ ـ ۴. به‌کوشش جمال‌الدین شیال و هی‌دیکه، قاهره، ۱۹۶۰ م، ج ۵، به‌کوشش حسین محمد ربیع، قاهره، ۱۹۷۵ م؛ ابوشامه، عبدالرحمان، الذیل علی الروضتین (تراجم رجال)، قاهره، ۱۲۸۷ ق؛ ابوالفداء، المختصر فی‌اخبار البشر، بیروت، ۱۳۸۰ ق / ۱۹۶۰ م؛ بارکر، ارنست، الحروب الصلیبیة، ترجمۀ سیدباز عرشی، بیروت، ۱۹۶۷ م؛ بدوی، احمد احمد، الحیاة العقلیة فی الحروب الصلیبة ، قاهره، ۱۹۷۲ م؛ بنداری، فتح، سنا البرق الشامی، به‌کوشش رمضان ششن، بیروت، ۱۹۷۱ م؛ حموی، محمد، التاریخ المنصوری، به‌کوشش عدنان درویش، دمشق، ۱۹۸۲ م؛ رانسیمان، استیون، تاریخ جنگهای صلیبی، ترجمۀ منوچهر کاشف، تهران، ۱۳۵۱ ش؛ سبکی، تقی‌الدین، طبقات الشافعیة الکبری، بیروت، دارالمعرفه؛ شکیل، هادیه دجانی، القاضی الفاضل عبدالرحیم البیسانی العسقلانی، بیروت، ۱۹۹۳ م؛ عاشور، سعید عبدالفتاح، مصر و الشام فی عصر الایوبیین و الممالیک، بیروت، ۱۹۷۲ م؛ عبدالباسط ملطی، نزهة السلاطین، قاهره، ۱۴۰۷ ق / ۱۹۸۷ م؛ محمدحسین، محسن، الجیش الایوبی فی عهد صلاح‌الدین، بغداد، مؤسسه الرساله؛ محمدعلی، وفا، قیام‌الدولة الایوبیة فی مصر و الشام، قاهره، ۱۴۰۷ ق / ۱۹۸۷ م؛ مقریزی، احمد، انعاظ الحنفاء، به‌کوشش محمد حلمی محمد احمد، قاهره، ۱۳۹۳ ق / ۱۹۷۳ م؛ هەر ئەوە، الخطط ، بولاق، ۱۲۷۴ ق / ۱۸۵۷ م؛ هەر ئەوە، السلوک، به‌کوشش محمد مصطفی زیاده، قاهره، ۱۹۵۶ م؛ نیز:

Minorsky, V., Studies in Caucasian History, London, 1953;Stevenson, W.B., The Crusadersin the East, Cambridge, 1968. مسعود حبیبی مظاهری

Dr.Saleh Ebrahimi



# لێکۆڵینەوەیەک

نەتەوەی کورد، لەو سەردەمەوە کە کورشی بانگ کردە ئیکباتان قافیەی سیاسی دوراند و تاروپۆی چنراوی شەرافەت و سەر بەخۆیی و ئیمپەتوری سەڵتەنەتی خۆی لە دەس داو بەرە بەرە گەلی کورد، لە نێو ئیرانیەتدا، داپۆشرا و هەرچی کورد ئەنجامی داوە بۆ ئێران و بەناوی ئێران تەواو بووە. تا لە نێوە راستی سەدەی **۴** مانگی یانی لە **۳۵۸** مانگیدا هەوای سەڵتەنەت و سەر بە خوێی دوبارە کەوتە بیرومێشکی حەسەنوەیهکوڕی حوسین دینەوەریکە لەروکون دەولە (حەسەن بن بویە) کە دوەم پاشای ئالی بویەبو، لیّراسا و روکون دەولە، لە ساڵی **۳۵۹** مانگیدا شەڕوانانێ فرەی بە سەرداری (کوڕی عەمید) بۆشەڕ ناردە، سەری، بەڵام لەباتی شەر ئاشتییان کرد. دوای وەفاتی حەسە نوەیه(: باوک) بەدر ـ ی کوری لە **۳۶۹** مانگی لە جیی باوکی بووە حاکم ولە **۳۸۸** فرە دەسەڵات و هێزوشان و شکۆی پەیداکرد و لە لایەن، دیوانی بەغا بە (ناصردەولە) ناز ناوی پێدرا و تەواوی هەرێمی دینەوەر تا ئەهوازو ناوچەی خوزستان و بروجرد و نەهاوەند و ئەسەداوای کەوتە بن فەرمان و بەرە بەرە خەڵفی ئازادی و سەربە خوێی و کوردایەتی دوبارە لە بیرومێشکی رۆڵەکانی بە ئەمەگی کورد، نەش و نمای پەیداکرد و لە هەر لا یەکەوە کوردان لە وارگە و نشینگەی ماڵە ماد ـ ی باوانی کەوتنە راپەرین و بزاوی کوردایەتی. لەسەدەی ٦ مانگیشدا **پاشاکانی ئالی ئەییوب لەدەم ئاسۆی کوردایەتی وەکو گۆی رۆژ، دەرکەوتن و دنیای سەردەمی خۆیان روناک و نور ئەفشانی کرد و ئالاّی ئازادی کورد و سەربە خوێی یان، بەرز کردەوە و شەرافەت و کەرامەتی بە تالان براوی کوردیان بە شانازی و فەخری** پڕقیمەت کە بەرگ و گەلاّی مێژوشایەدی بۆ دەدا، کە بۆ نەتەوەی کوردیان ئامادە و دوبارە سازدایەوە، بەجۆرێ واکە سەڵتەنەتی سولّتان **صەلاحەدین ئەییوبی، بەدەورەی بوژانەوە و حەیات و ژیانی کورد، دانراوە** کە لە باشوری (قەفقاز) تا (صەنعا و یەمەن) لە باکورەوە بۆ باشور و لە وادی (دەجلە) وە تا (تەرابولس)، غەرەب، لە

Dr.Saleh Ebrahimi



شەرقەوە بۆ غەرەب بە شێوەی ئازاد و سەربەخۆ لەکەفی باکیفایەتی ئەوزاتەدا و لە بن هێزی پرهێزی قودرەت و دەسەلاتی ئەو سولتانە ناودار و لەکارزان و دلسوز و مروڤ خوشەویستەدا بووە، هەر لە بەر ئەوەیشە حاجی شێخ رەزا تالەبانی شاعیری کوردی ناودار لە پەسنی ئەودا بەشیعر فەرمویەتی:

فەرەنگ ئینکاری فەزلی ئیوە ناکەم ئەفزەلن ئەمما

صەلاحەدین کە دنیای گرت لە جوملەی کوردی بابان بوو

عوموی شەهریاران و سەلاتینی فەرەنگستان

لەروعب و سەتوەتی ئەوشیرەدا گشتی هەراسان بوو.

لەوە دەچێ شیعرە کەوابێ چونکا کەشفی بەرق و فرۆکە سازدان، ماشین سواری، سەتەلایت، تەلەیفۆن و موبایل و... لەبیرو هزری فەرەنگ: ئوروپایی و ئەمریکایی هەلقولاوە و ئەوان **خاوەن فەزلن،** نەک عەرەب، لە روژگاری جاهیلیەت ئەبو جەهل و لە سەدەی نور و سەرکەوتی عیلم و هونەردا، عەرەب صەدام حوسێن‌یان بووە کە کچوژن و مروڤی بێ تاوانیان زیندە بەگور کردوە. دیارە حەزرەتی محەمەد بەرەگەز عەرەب نەبووەو لە سورەی فوسیلەت لە ئایەتی **٤٤** دا بە ئاشکرا راگەیندراوە، قورئان بۆیی بەزمانی عەرەبی‌یە، چونکا ئەو خەلکەی کە پێغەمبەر (د ـخ) لە نێویاندایە و قسەیان بۆدەکا عەرەبن.

سەلتەنەتی ئالی ئەییوب لە سالی **٥٥٥** تا ٨٦٠ مانگی یانی ٢٦٠ سال بەردەوام بووە.

کاتێ هێرشی مەغول و تاتارکە ولاتی موسولمان نشینی لە شەرقەوە تابە غەرب تالان و وێران و کاول کرد و بناغەی ژیار و شارستانی و مەعریفەتیان بەبادا، وارگە و نشینگەی نەتەوەی کوردیش، هەروەکو ولاتانی موسولمانان دوبارە کەوتە بەر تالان و کوشت و کوشتاری تورک و مەغول و دوبارە ئازادی و سەربە خویی نە تەوەی کورد، روی کردە کزی ولەکەمی دا، ئەستێرەی بەختەوەری لەگرشەگرش کەوت، هەرئەوەندە بە دەس

Dr.Saleh Ebrahimi



کورد، ما،کە ئازادی و سەربە خۆیی نێو خوێ و حوکومەتی ناوچەیی بۆ ماو لەدەسی نەداوە (ئێستا شوکر بۆخوا لەکوردستانی باشوری چرایێ پرنور، لەبەر کوڵنەدانی کورد، بەرابەری ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کەبیری هەمیشە زیندوی کورد و کوردستان، هەڵکراوە ـ شەپۆل ـ بڕوانە تاریخی شێخ محەمەد مەردوخ ئایە توڵڵای کوردستانی ج ٢ بەشی ٤ سەرەتا، پەرەی ١ـ٢ چاپی ئەرتەش بێ تاریخ، تاران.

صەلاحەدین Salahedin ئەییوبی، یوسف بن نەجمەدین ئەییوب بن شادی بن ئەییوب ناودار بە مەلیک ناصر، ئەبو موزەفەر دامەزرێنەری زنجیرەی ئەییوبیان: ئەییوبی کە کوردە و باو با پیرانیان لە شاری دوین، لەدایک بوون و ژیاون بەڵام صەلاحەدین لە تەکریت لە ساڵی ٥٣٢ مانگی لە دایک بووە و لە ٥٦٤ مانگی و ١١٦٩ زاینی بە پاشایی گەیشتووە و لەبان تەختی سەڵتەنەت دانیشتووە و لە ٥٨٩ مانگی و ١١٩٣ ز، وەفاتی کردوە. شادی باپیرەی صەلاحەدین لەگەڵ نەجمەدین ئەییوب و ئەسەدەدین شێرکۆ لە دوینەوە، دەچنە بەغا و لە وەێشەوە دەچنە تەکریت و شادی لە تەکریت وەفات دەکا.

نەجمەدین ئەییوب و ئەسەدەدین شێرکو دەچنە لای موجاهیدەدین بێهرۆز کە بە دەستوری سوڵتان مەسعود سەلجوقی کرا بۆوە شەحنەی عیراق و ئەویش پاراستنی تەکریتی بە نەجمەدین ئەییوب برای گەورەی خۆشی سپارد و لەو ماوەدا عیمادەدین زەنگی حاکمی موسڵ لە تەکریتەوە دەروا، نەجمەدین لەو کاتەی کە ئەو دەیەوێ لەدەجلە ببپەڕێتە وە، فرەمرۆیانە یارمەتی عیمادەدین زەنگی داوە و هەر لەبەر ئەو یارمەتی دانانە لەگەڵ خۆیدا دەیبا و دوای گرتنی بەعلە بەک پاراستنی ئەوێی دادەس نەجمەدین ئەییوب، دوای مردنی عیمادەدین زەنگی جوتەبرا: نەجمەدین ئەییوب و شێرکۆ لەلای نورەدین مەحمود کوری ئەو دەمێننەوە، صەلاحەدین لە تەکریت لەدا یک‌بووە بەڵام باوکی لە بەعلە بەک و دیمەشق ئەوی پەروەردە کرد و تێگەیاند و پێیگەیاندو صەلاحەدین لە ساڵی ٥٥٨ مانگی لەگەڵ ئەسەدەدین شێرکو ـ ی مامی چووە

Dr.Saleh Ebrahimi



میسر و لە سالّەکانی ۵٦٢ و ۵٦۴ بۆ تێکدانی کەین و بەینی شاوێر، وەزیری وتی میسر لەگەڵ خاجداران دوجار چووە میسرو لە جاری سێوەم ئەسەدەدین شێرکۆی مامی لەجێیّ شاوێر، بووە، وەزیری عازید لیدینیلا خەلیفەی ئاخری فاتمیان لەمیسرو صەلاحەدینیش کرایە پێشکارو یارمەتیدەری مامی و هەرلە و سالەدا شێرکۆ وەفاتی کردوە و صەلاحەدین جێی مامی گرتۆتەوە (۵٦۴ مانگی و ١١٦٩ ز) و زانایان و نوسەران و ویژاوەرانی لە دەوری خۆی کۆکردوّتەوە و خۆی لای خەڵک خۆشەویست و بەرێز کردوەو لە مانگی موحەرەم سالّی ۵٦٧ مانگی و سپتامبری ١١٧١ز، لەو ساتانەی کە عازید ئاخرین خەلیفەی فاتمی خەریکی گیان لەدەس دان بو، صەلاحەدین دەستوری دا(خود بە)ی هەینی بە ناوی موستەزیء خەلیفەی عەباسی بخوێنن و حەرەمەین: مەکە و مەدینەیش کە لە بەرا سەر بەمیسربو، گەرایەوە سەرمیسرو بن دەسلاّتی صەلاحەدین ئەیوبی، صەلاحەدین بەروالەت پەیرەوی نورەدین بن عیمادەدین زەنگی خاوەنی شام و حەلەب بو، بەلاّم لە راستیدا سەر بە خۆ بو، صەلاحەدین لە ۵٦٨ و ١١٧٢ ز ـ تەرا بولسی لە چنگی نورمانەکان دەرێنا و تورانشای برایشی لە ۵٦٩ و ١١٧٣ ز، کردە حاکمی یەمەن، وەفاتی نورەدین مەحمود زەنگی لە ۵٦٩ مانگی، بۆدەس تێوەردانیّ زیاتر دەروازەی بۆکردەوە و لە سالّی ۵٧٠ مانگی و ١١٧۴ز سولتان صەلاحەدین چووە دیمەشق و باوەکو ئەتا بەکانی زەنگی دەیانە ویست لە راست سولتان صەلاحەدین، راوەستن، بەلاّم صەلاحەدین سەراسەری شام تا ئاوی فوراتی هێنایە ژێر فەرمانی خۆی، بەلاّم تا مردنی مەلیک صالح کوڕی نورەدین زەنگی لە بەردلّی ئەو تا سالّی ۵٧٩ مانگی و ١١٨٣ ز، دەسی بۆ حەلەب نەبرد بەلاّم کە مەلیک صالح لەو سالەدا مرد، سولتان صەلاحەدین حەلەبی گرتە دەس خۆی، هەروا سولتان صەلاحەدین موسلّیشی گرت. ئەمیرانی جزیرەشی لە سالّی ۵٨١ مانگی و ١١٨۵ و ١١٨٦ ز، هێنایە بن فەرمان و خەراجدەری خۆی و دەو لە تێکی دامەزراند کە لە

Dr.Saleh Ebrahimi



فوراتەوە تانیلی دەگرتە بەر، صەلاحەدین دوای گرتنی (حیتەین) لە سالّی ٥٨٣ مانگی و ١١٨٧ ز، دەولّەتی عیسەوی بەیتە لموقەدەسی لە نێو برد و لە ماوەی سێ (٣) مانگدا دەسی گرت بەسەر ئۆرشەلیمیشدا، بەلە دەس چونی بەیتەلموقەدەس، ئوروپائیان ئاگریان گرت و خۆیان بۆ شەڕی سێوەم، ئامادە کرد، ریچارد ـ ی یەکەم پاشای ئینگلیس و فلیپ ئوگۆست پاشای فەرانسە لە ٥٨٦ مانگی و ١١٩٠ ز، بەسپایێ فرە و تەیارەوە، هێرشیان بۆ ئۆرشەلّیم هێنا و بۆسالّی دوایی لە دەورەدانی عەکا پێکەوە بەشداریان کرد و دوای یەک سالّ و نیو شەڕ لە نێوان موسولّمانان و عیسەویاندا لە سالّی ٥٨٨ و ١١٩٢ ز، ئاشتی یەکی سێ (٣) سالّە بە دیهات، بێ ئەوەی عیسەویان لەو شەڕانەدا بە ئاکامێ گەیشتبن. دوای وەفاتی صەلاحەدین براکان و کورەکان و برازاکانی سولّتان صەلاحەدین ئەو هەموو ولاّتانەیان لە نێو خۆیاندا بەش بەش کرد و تەنیا سەیفەدین عادلّ برای صەلاحەدین توانی بەرە بەرە، بەسەر ئەواندا دەسە لاّت پەیدا بکا و بیان هێنێتە ژێر فەرمانی خۆی.

سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی یوسف لە زنجیرەی ئەییوبیان (دیمەشق: لە ٦٤٨ مانگی و ١٢٥٠ ز تا ٦٥٨ و ١٢٦٠ ز. ـ حەلەب: لە ٦٣٤ مانگی و ١٢٣٦ ز. ـ تا ٦٥٨ مانگی و ١٢٦٠ز.

□ بەدرەدین: (لالا) محەمەد بن ئەبیقاسم هەکاری کورد، یەکێ لە ئەمیرانی دەرباری مەلیک موعەزەم عیسا ئەییوبی پاشای شام (٥٧٦ ـ ٦٢٤ مانگی) فێرگە یەکی بەناوی بەدریە لە سەدەکانی ٧ و ٨ مانگی بۆ شافیعیەکان لە ناحیەی مەرزەبانی قودس لە نێزیکی لؤلؤیە سازداوە و هەروا بۆ حەنەفییانش فێرگە یەکی بەناوی بەدریە لە، جەبەل قاسیون لە صالّحیەی ناحیەی غوتەی دیمەشق لە سەدەکانی ٧ و ٨ مانگی و ١٣ و ١٤ ز ـ سازاوە. ـ و حەمام و باغێ گەورەیش کردوّتە وەقفی.

بەدرەدین هەکاری مروّفێ خێرخواز بووە و فرەجێی بۆ خێرسازداوە و مزگەوتێ لە

Dr.Saleh Ebrahimi



نێزیکێ ئەلخەلیل یەکێ‌ترە لەکارە خێرەکانی ئەو مروّ دلسوّزە (عیلمی، ۲ /۴۷؛ صەفدی ۴/ ۳۵۱). دایرە تولمە عارفی بوزگی ئیسلامی ج ۱۱ پەڕەی ۵۵۵ چاپی ۱۳۸۱ تاران (شەپوّل) ـ سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی زەرزاری دوینی کورد، بە ئازادکردنی قودس لەبن دەس پاشای فەرانسە، ئینگلیس و ئەلمان و هێرشکارانی خاچدار، سەرەنجام، دوسەدە جەنگ و حوکومەت کردن بە سەرمیسر، سوریە، یەمەن و کوردستان و... بونە هوّی رزگار بونی موسولّمانان لە دەس هێرشکارانی خاچداردا. بەلاّم ئیستا حاکمانی ولاتە موسولّمان نشینەکان، کورد قران دەکەن، جار بەگازی شیمیایی، جار بە رەشە کوژی، جار بە توپ باران و لە دارسانی کوردستان ئاگر بەردان

## چەن نوکتەی وردی تازەی مێژویی

سولّتان صەلاحەدین: یوسف، کوڕی نەجمەدین ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەروانی کوردی زەرزاری، رەوەندی، هەزبانی‌یە. (بڕواننە قویە: گومەز ـ ی ضەریح: گلّگوّی سولّتان صەلاحەدین لە دیمەشق).

□ کوڕی کەپیر لە سالّی ۱۳ ـ ۱۳۷۲ ز ـ نوسیویەتی: نەجمەدین ئەیوب باوکی صەلاحەدین لە ئەرچ: عەرزی موسلّ لەگوندی ئەجدانکان: قەلاّتە جنە ـ ی سەر بەموسلّ: جەبەل جور: چیای گوّڕ کەلەسەردەمی صەلاحەدین زارزاری سەر بە هەولێر بووە و قەلاّتە جن ئێستامولّکی هوّزی زارزاریانە، بڕواننە پەرەی ۶۰ ج ۲ کتێبێ رەوزەتەین... هەر واکوڕی کە پیرئە سەدەدین شێرکوّی مامی صەلاحەدین ئەییوبی بە زەرزاری ناودەبا (پەرەی، ۲۷۱، ۲۵۰ بیدایە و نیهایە ج ۱۱ و ۱۲ لە مادەی شێرکوّ) ـ قەلاّتی خەفتیانی ئەبی عەلی زەرزاری لەدوین ـ ە ـ کە دوین. قەلاّو دژی سولّتان صەلاحەدین بووە (بڕواننە دەلیلی ئاساری عیراقی پەرەی ۲۲) ـ چیای گوّڕ فەقێ ئەییوب لە دوینەکە بە عەرەبی بوّتە جەبەل جور یانێ‌گ بوّتە ج، لەوە دەچێ ئەم شوّینە یا شوّینی لەدایک بونی ئەییوب ـ ە یا مولّکی بووە، لێرەدا، دەردەکەوێ (دوین + ئەییوب) لەم

Dr.Saleh Ebrahimi



شوێنە لەگەڵ شوێنی لەدایک بونی ئەییوب ـ ی باوکی سولتان صەلاحەدین یەک دەگرێتەوە. ئەحمەد بن عەزیز بن محەمەد: ئەبو یوسف، کەمالەدین کەگەورە شاعیران و پڕفیلم و نوسەر (١٢٢٣ ـ ١٢٦٨ ز) مونشی و نوسەری دەباری سولتان صەلاحەدین ئەییوبی بووە و لە حەلەب لەدایک بووە. لە دیمەشق نێژراوە (نجومی زاهیرە ٧: ٢٢٤ و زەرەکلی ج ١ پەرەی ١٥٢ چاپی ٦ سالی ١٩٨٤ ز بێروت.

□ نیپور niebhyr لەکتێبی گەشتەکەیدا (١٧٣٣ ـ ١٨١٥ ز) نوسیویەتی:

هاتوّتە هەو لێرو بەدوین، ماوەران، روش (: رۆژگە، کە بە رۆژگەی دوین ناودارەو بە (رەزگەی دوین ایش ناو دەبرێ و لە بەرە بەیانیاندا رۆژ لەوێوە هەڵدێ. گەراوە و دەڵێ: خەڵکی دوین و ماوەران پیان وتم: ئەییوب باوکی سولتان صەلاحەدین لای ئەوان لەدایک بووە (پەرەی ٧٥) ١٣٤ خوتەتی موسڵ ئەگەر جوان لەومە بەستەکە حودودی (٣٠٠) ساڵ بەرلە مروّ (٤ ئوکتوّبری ٢٠٠٧ ز) نوسراوە لەگەڵ هەبونی (گوّرفە قێ ئەییوب) لە سەرچیای کوّرێ (: جەبەل جور) و لەگەڵ دوین و زەر زازی بەراوردی بکەین، هەمو هارموّنی یەکتر دەگرنە وە، نەجمەدین ئەییوب لە جەبەل جور لە دایک بووە و لە موسڵ ژیاوە یاگوّرفەقێ ئەییوب لە تیشەی چیای گوّرێ، لە سەرچیاکەیش (کانیاو:) کانی ئاوی هەیەو شاروّچکەی کوّرێ (: گوّرێ) بە رانبەرمە سیف صەلاحەدینە (٥٩).

خاڵە صدیق قادر عەزیز خەڵکی دوین و تویەتی: سولتان صەلاحەدین زەرزاری و خەڵکی دوینەکە ٦ ماڵ بووە، خەڵکەکە وتویانە: (ئێمە لە نەوهی صەلاحەدین ئەییوبین (بڕوانە ژمارەی ٢ شەمس ـ ی کوردستان ساڵی ١٩٧١ ز ـ بە نەقل لەکوری ئەسیر.

□ ـ لە دوین و ناوچەی زەرزارەتی کە ئیستا سەر بە هەولێرە و ٣٠ گوندوئاوایین و قەڵای خەفتیانی زەرزاری سەر بە هەولێریش لەوێیە لەگەڵ (زەر زا) هوّزی زەرزای لای شنوّ یەکرە گرنەوە. (بڕوانە پەرەی ٤٤ و... صەلاحەدین ئەییوبی من جەدید،

Dr.Saleh Ebrahimi



عەبدولخالق سەرسام کاوە بلاّوەک چاپی ۱۹۹۹ زهەولێر ناوی زەرزاری لەبەرا (زارارا، زاراری، زراری، زەررا بووە. زەر: زەرزا، شاعیرانی عەرەب کە باسی عەشیرەتی صەلاحەدین، یان کردوە، ماناکەبان بەعەرەبی هێناوە ـ رەر: ئەصفەر، زا: بەنی، واتا نەوە دین نوسەری سولّتان سەلاحەدین ئەییوبی کە پیرۆزبانی بە شێرکوی زەرزاری مامی صەلاحەدین و تووە کە وەک خێری سەرلایەکی پول و دراو، چلوّە لە نیوّ تەوگشتە کوسب و تەگەرانە هاتوّتە پێشی رزگاری بووە: (زارت بنیالاصفر البیص التی لقیت / حمرالمنایابها مرفوعة الحجب / وآنهانقد من خلفها اسد / أری سلامتها من اعجب العجب). پەرەی ۱۵۹ رەوزەتەین لە ئەخباری دەولەتەین. یائەم هوّنە:

اری الرایة الصفراء یرمی اصطفاقها بـبنی اصـفر بـالّراعـفات اللـهادم.

فـتسبی فـلسطینا و تـجبی جـرائـرا و تملک من یونان ارض الاساحم

یائەم هونە: رایاتە صفراء تودوتنثنی حـمراء تـمج نـجیع آل الاصـفر

ئەم هوّنە دەڵێ: ئالی ئەصفەر یانی: زەرزاری کە هوّز و خزم و کەس کاری سولّتان صەلاحەدین ئەییوبین، ئالاّکەیان لە پارچەی زەرد بووە و رەنگی زەرد لەکوّتەوە دروشم و رەمزی کورد بووە و سولّتان صەلاحەدینیش ئەو رەحگەرەردەی بوّ ئالاّی خوّی هەڵبژاردوە و پەسەندی کردوە و دروشمی سولّتان صەلاحەدین ئالای زەرد، کەوێنەی بازێکی سورلە نێوە راستی ئالاّزەردە کەدا نەخشا بووە کە دروشمێکی نەتەوەیی و کوردایەتی کردنە نەک دروشمی ئیسلامی، صەلاحەدین بیجگە لەوەی کلێتەی زەدیان لە سەرناوە.

□ قازیە لقوزات کە ماڵە دین ئەبولفەزل محەمەد بن ئەبو محەمەد عەبدوللاّ شارەزوری قازی موسل، قازی دیمەشق، وزیری نورەدین زەنگی و وزیر سولّتان صەلاحەدین ئەییوبی کە ٤٩٢ مانگی لە دایر بووە و لە ٥٧٢ لە دیمەشق وەفاتی کردوە.

گوّرێ پیرمە روان باپیرە گەورەی صەلاحەدین لەگوندی ئەجدانکان: قەلاّ تەجن:

Dr.Saleh Ebrahimi



قەلای ئەجندەکان بە رانبەردەروازەی دوین و زرزاری دایە. صەلاحەدین کوردە، رەوەندە، هۆزبانیە، زەرزاری (زراری)یە. رەوەندە وزراری و هەزبانی (هۆزبانی) یەکن - قەلاتە جنوکە، گۆڕ و جیێ کوژرانی چەندەها صەحابەی لێیە، ئەو قەلاتەکە بەقەلاتە جن، ئەجدانکان، ئەجدانقان، ناو دەبرێ شوێنی باپیرانی سولتان صەلاحەدین ئەییوبی بووە و بە ناوی (زران)یش ناودەبرێ و بلازەریش باسی دەکا لەکاتی داکیرکردنی موسل و جزیرە دیارە لە بەرازەرزاری و هوزەبانی لیبووە (کوری ئەسیر و کوری خەلکان).

□ هۆزی زەرزاری کەخزمی صەلاحەدین ئەییوبی بون لە جەنگی خاچ داراندا، پشتیوانیان لە سولتان صەلاحەدین کردوە (پەرەی ١٥٩ کتێبی رەوزەتە ینهی ئەبی شامە) و عیمادەدین ئیسفەهانی کاتبی سولتان صەلاحەدین لە فەتحی قوسی لە فەتحی قودسداو هەمو میروسەر کردەکانی کورد، وەک هۆزی هەکاری، میهرانی (پەرەی ٢٢٠) - تەنانەت زەرزاری یەکانی نێو قەلای سنجار لە نێوقە لایشەوە یارمەتی سولتان صەلاحەدین یان داوە و بونەتە هۆی تێشکانی زەنگیەکان (پەرەی ١٥٨ کامیلی کوڕی ئەسیر) سولتان صەلاحەدین لە ٥٨٣ قودسی ئازادکردوە و لە دەروازەی صور دیفاعی بویرانەی لە عەکاو ئازادکرانی لە ٥٨٧ - بە دەسی ئەوزاتە، دوین - ی سەربە هەولێر، سەربە دەولەتی ئەییوبی بووە (بروانە زەرەکلی پەرەی ٢٢٠ ج ٨ چاپی ٦ سالی ١٩٨٤ ز - بیروت.

بەم دەلیلە (بابغیش: بابەجیجک) بە قسەی یاقوت حەمەوی کە نوسیویەتی: بابغیش شارۆچکە یەکە لە نێوان ئازربایجان و هەولێر نێزیک زێی سەرو، دیارە واژەی (باب) بۆدە روازەی شارۆ چکەکە، بەکار براوە کە لەکۆتایی ٢ چیادایەکە سەر لێکدەدەن و تەنیا شوێنی رێگایەکی لێیە، وەک دە روازە بۆ نێو دوین، دیارە دوین دەروازەی یەکەم بووە و شوێنی درگاکەیشی ماوە، بۆیێ کوری خەلکان دەلێ: لەبان دەروازەی دوین گوندێ بەناوی ئەجدانقان هەیە و خەلکەکەیش کوردن. (بابەجیجک) دەروازەی دووەم

Dr.Saleh Ebrahimi



بووه و له دوڵی (بیاوێ) وێنەی ۲ باڵنده له سەرگۆڕه مێژویەکه دەبیندرێ‌که له (بانگاڵه دەچێ‌که (بغاش)ه و به عەرەبی بوّته: (باب + بغاش و بابغاش، بابغیش به سەر موّزەر یاسەر مێزەریشی له سەرناوه. هەروەکو له پەرەی ٦ ج ۴ صبحولئه عشادا نوسراوه: (ولم یزل السلطان والجند یلبسون الکلوتة الصفراء بغیر عمامة) تا پاشا(تورکەکان) هاتن و فێسی سورومێزەری سپی‌یان له سەرنا. صەلاحەدین له هوّزی زەر زاری‌یەکەله نێزیک هولێر له دوین بوون، به لگەیش قسەکەی کوری که پیرەکه دەلی: (ئەسەدەدین شێرکوّ کوردی زەرزاری یەکه مامی سوڵتان صەلاحەدینه وکوری ئەسیریش دەڵێ: صەلاحەدین له موسلّ و دوین له دایک بووه و تیکەلی کردوه چونکا دوین بەرانبەری زەرزارەتیەکه خەتی سنوری ئازربایجان بووه، هەر بوّیێ دیوار له سەرچیاکان سازدراوه، لەو ناوچه تەنیا دەروازەی (دوین) رێی هاتو چو بووه، دوین دەروازەی هەبووه، هێمان شوێنی دەروازەکه ماوه، هەربوێی کوری خەلکان دەڵێ: (علی‌باب الدوین قریة یقال لها اجدانقان و جمیع اهلها اکراد رواندیه) با شرون دەبێته وه ئەم‌گوندەکه کوری خەلکان باسی کردوه، ئێستا له ناوچەی زەرزاریانه و رەوەندی تریشی لێیه. وەک هەرکی، خەیلانی رەوەندوک، سورچی، شیخ مەموەند و...کوری خەلکان دەڵێ: دوین (فی آخر اعمال آذربایجان من جهة ران وکرج: (ئاران و قەراجی هەولێر).کوری ئەسیردەڵێ: دوێن له روّژاوای ئازربایجانه، بەرانبەر به ولاتی غەرب‌که (روّمی بیزەنتی) بەکاردەهات یانی له خاکی‌کوردستانه (کوردستانی بەشی باشوری) و عیمادەدین دەڵێ: دوین من آخر اعمال آذربایجان ئیستەخری دەڵێ: دوین من حدود آذربایجان قرب دجلة مسالک و ممالک پەرەی ۱۱۲. ـ ساڵی ۱۹۵۲ ز ـ که دەلیلی ئاساری عیراقی‌کەشفی دوینی کردوه، دەڵێ: دوین قەلای صەلاحەدینه (پەرەی ۲۲ چاپی ۱۹۷۱ ز) ـ دوین بەواتای دەم، دەو، که رەوەندەکان به (دەوین) به واتای سنورگوّو تەله فوزی دەکەن که کەماڵەدین ئەبوفەتح: نه سرولّلا کوری مەنصور زانایێ پیرعیلم و خەلکی دوین ـ ه و به

Dr.Saleh Ebrahimi



دوینی ناوداره ولای ئیمام غـەزایـی دەرسـی خـویندوه و له بـەغا و بـەلخ دەرس بـێژ ئەبوحامید بووه و له ٥٤٦ مانگی له بەلخ مردوه. تەبه قاتی شافعی ج ٤ پەرەی ٩٢.

دوین: بەکوردی به واتای (باب + جیجک) ه یانی دەروازەی بچوک له دواییداکه ئەو هەمووه رو داوه ناحەزوشەڕ و شوڕ و هێرشی هێرشکاران بۆ سەرکوردستان روی داوه نێوی باڵندەکه له بیر چووه تەوه و نەیان زانیوه ئەو باڵنده رەنگاڵە: یا پەله وەریترە، پێی و تراوه درگای (چیچله) لەو ناوچەدا پەلەوەری (رەنگاڵە) فره هەیه (رەنگاڵە: مێش خۆرە، مەلیکی رەنگاورەنگه قاتڵی مێش هەنگوینه، رەنگریژه). کـه پـێیَ دەلێـن: (قـاژ قاژه). له بابەت شێخی سەر به پەروی (بابکیش) لەوه دەچێ ئەو باڵنده پیروزو مدفه رک بو بێو به مدفەرکیان زانیوه و (ودمی) هەبووه لایَنیشته جێیانی ئەو ناوچه بەرله ئیسلام. هەربۆیێ له سەردەمی ئیسلامدا به ناحەق (لا اله الا الله) یان به خەتی کوفی کۆن له سەر نوسیوه، بوگێره شیواندن. یا لەبەر ئەوەی که پیروز بووه، لائیلا هەیان له سەر نوسیووه، لەوه دەچێ ئەوکێله هیبەر له ئیسلام بێ، دوریش نیه داسنیەکان رەنگاڵە ـ یان کردبێته (مەلەکه تاوسه)، شوێنەکه قەدیمی و شوێنێ پیروزه. هەر بوێی زاتێ وەک صەلاحەدین لەوێ پییَ گەیشتووه (بروانەگۆڤاری زاگروس ژمارەی ٣ ساڵێ ١٩٩٧ ز).

□ دوین نێزیک به هەولیره و لەگوندی قەلاتەجنه، قەلاتی ئەجندان گۆڕی پیرمەروان با پیرەی صەلاحەدینی لییه وکێلێکی شاهانەی به شـیوەی ٢ دەسکـه خـنجێـر: شـیری کوردی کورت که به نیمچه ناودەبرێ وکەوان و زیێ ئەو، بێ چەکی باروتی. (پەرەی ٦٦ هەر ئەوێ) دیاره وێنەی گۆی روژو خنجێـر دەبـیندرێ وەک ئـەوەی له ئـایینی میترایی و زه ردەشتی شوینی وەرگرتبێ کەچی قەبرەکه ئیسلامیه (پـەرەی ٦٤ ویـنه، (صەلاحەدین ئەییوبی من جدید لێکوڵەرو نوسەر عەبدولخالیق سەرسام چاپی ١٩٩٩ ز ـ کاوه بلاوک هەولیر) خەلکی دوین زەرزارین و صەلاحەدینیش له هوزی زەرزاریه.

□ ـ جەمالەدین شێرو زەرزاری که یەکەم یار و یاوەری صەلاحەدین بـووه کـه له

Dr.Saleh Ebrahimi



قودس شەهید کراوە و سولّتان صەلاحەدین تورِە بووە و فەرمانی داوە لە تۆڵەدا بە پەلە، بە بیّ دەرنگ قوس بگرن و گرتیان (بروانە ج ٢ رەوزەتەین ـ پەرەی ٣ و ئیبنی واسیل موفەرەج کوروب ج ٢ پەرەی ٢١ و ١٢، بە نەقل لە صەلاحەدین ئەیوبی من جدید هەرئەویّ).

□ دوین کە بەواتای سنور: (ثغر) دانراوە (من آخر اعمال آذربایجان ونەخشەکەی ئازربایجانی لسترنگ و دیواریّ کە لەسەر چیا وگۆرِ ستانەکانە بەجوانی نیشان دەدا کەدوین لەکوردستانی بەشی باشوریدایە و ناوچەی رەوەندی زەرزاری بووە (پەرەی ٥٠ و ٥١) و سەغری بەردی (١٤١٠ ـ ١٤٦٩) لەکتێبی نجومی زاهرە لەباسی پاشایانی میسرو قاهیرەدا نوسیویەتی: «دوین شاریّ بچوکە لە ولاّتی عەجەمدایە و خەڵکەکەی هەموکوردی رەوادی و هۆزە بانین و ئەم قسە لە هەمو بیروراکانی‌تر راست و دروست‌ترەو ئەسەحە (ج ٦ پەرەی ٢ چاپی میسر) و محەمەد حوسێن دیار بەکری کورد (١٥٨٢ زو ٩٩٦٠ مانگی) کە قازی مەککە بووە، نوسیویەتی: «دوین فی‌آخر اعمال آذربایجان من‌جهة ایران و بلاد الکورد و هم اکراد، رەوادیە.

□ دوین لە رۆژاوای ئازربایجانە، بەرانبەر بەولاّتی غەرەب کە رۆمی بێژەنتی بەکار براوە. ئاران شارە ناودارەکەی سەردوین ـ ە یالە نێزیک دولّی ئاران: ئالان ـ ە نێزیک دوێن و قەراج: کەرەجی هەولیر (کوری خەلکان و کوری ئەسیر) کەرانیە کە (نة) بقرتیّ دە بێتە ئاران و ئاران بە واتای رۆژاوایش دیّ و هەرلە ئاران، ئالانەوە گیراوە و چون (ل) دەبێتە (ر) وەک بالان لە (بالانی گورگ دیتو کە بەگورگی باران دیتوگۆ دەگریّ یانی (ل) بۆتە (ر) (فەرهەنگی مەردۆخ کوردستانی ئایەتوللاّ) ئاران زستانە وارگەی کۆچەرانە (هەنبانە بورینەی هەژار، کەرەج و قەرەج یەکە (میرانی سۆران لە باسی ئاران پەرەی ٢٢).

□ ئیبنی موستەفی لە تاریخی هەولێردا، یادی ئەبو عەبباس زەرزاری کردوەو بە

Dr.Saleh Ebrahimi



زانایێ گەورە ناوی بردوە. یا ئەوە کە صەلاحەدین ئەیوبی، زەینە دین عەلی کوچکی کردوتە بەرپرسی ناوچەی (قەفچان:کەرکوک (گرحانی، قەرابلی، ناوچەی قەرەداغ و شارە زور، دەشت، دەشتی حەریر و هەولێر و (زەرزاری)یە، (رەوزەتەین پەرەی ٦) - ئەبو عەبباس شارە زور، دەشت، دەشتی حەریر و هەولێر و (زەرزاری)یە. (رەوزەتەین پەرەی ٦) - ئەحمەدبن ئەبی بەکر عیسازەرزاری کە صەلاحەدین کردویە تە والی (سیمسات)ی سەر بە شاری زەرزاری کە شوێنێ ناوداره (ئیبنی موتەوفی، رەوزەتەین پەرەی ٦٠ ج ٢) کە ئێستائە و شوێنە بەرانبەر دوینەو زەرزاری لیـە و مێژو دەلێ: جەنازەی موبارەکی شێرکو ئەیوب زەرزاری مامی صەلاحەدین لەوە میسر براوەتە حیجاز نێژراوە. ئەم هەموە ناوە زەرزاری‌یە باش نیشانمان دەداکە سولتان صەلاحەدین کوردی زەرزاری و هوزەبانی بووە.

دوریش نیە زەرزاری هەروەک رەوادی هۆزێکی گەورەی هەزبانی هۆزەوانی کورد بوبێ، دوین هۆزی سورچی، لەوە دەچێ هۆزی سەر چا(چیا)بێ و بوبێتە سورچی کە گوندەکانیشیان بەم ناوانەن: بەلەبان (مەنتک) بانەمان، سەربەن (سەربا)، بان، مەسیف کە لە نێزێک ئەوداگوندی (بانە) و زەمانە هەیەکە (هۆزەبان لە ناوچەی زەرزارەتی دابووە و دوین نێزیک هەولێرە و (دوین)گۆڕ فەقێ ئەیوب واتا تەخت و سەتحی ئەیوب، گوڕی پیرمەر وانی لێیەکە باپیرە گەورەی سولتان صەلاحەدینی ئەیوبی‌یە.

□ (دوین) سەر بەهولیرەو سەربەدە ولەتی ئەیوبی بووە - سولتان صەلاحەدین لە کوردەکانی رەوەند لە هۆزی هەزەبانی: خێزانی کوردە و شادی کوری پیرمەروان کە پیرو سەرەک هۆز بووە لەگوندی (ئە جدنکان)ی نێزیک بەدوین ژیاوە و بەرەگەز دەچێتەوە سەر پاشایانی شەدادی‌یە. زانای گەورەی کورد، مەلا محەمەد حاجی هەزار مێردی لەکوڕی خەلکانی کورد، دەگێڕیتەوە کە وتویەتی: «دوین دال بە بۆرو واوبە ژێر - ە شاروۆلکێکە لە نێزیک هەولێر و زۆر بەی کاولگەیە (پەرەی ١٢۴ و ١٢۵

Dr.Saleh Ebrahimi



شەرەفنامە بەکوردی)ئەمیر شەرەفخان (١٠٠٥ مانگی و ١٥٩٦ ز) نوسیویەتی: دوین ویرانە و بەر لە ساڵی ١٢١٥ مانگی و ١٨٠٠ز کە ساڵی مردنی ئوغزبەگی میرانی سۆران بووە، (دوین)ی هەولێر ویران بووە، حوسێن حوزنی موکریانی لە کتێبی میرانی سۆراندا دەڵێ: ئوغز بەگ قەلای دوینی لە نێوان ساڵانی ١٥٩٦ز ئاوەدان کردوتەوە.

□ زارزا یازەرزا دایرە تولمە عاریفی ئیسلامی قسەی لەئەمیر نشینی و ئەمارەتی زارزا و ئەمارەتی سارزا کردوە بەڵام لە پێوەندی لە تەک هەڵسوڕاندنی حوکومەت و کاروباری ئەو یا تایبەتیەکانی دیکە، شتێ ئەو توی بەدە سەوە نە داوە (پەرەی ٢٥٣ کۆبەی زوبدەی تاریخی کورد و کوردستان ج ٢ محەمەد ئەمین زەکی تەرجەمە لەزمانی کوردیەوە بۆ فارسی بە هوی بەریزیە دوللاخان رەوشەن ئەردەلان چاپی ١٣٨١ هەتاوی بلاوکی توس، تاران بەڵام لە ج ١ پەرەی ١١٥ دەنوسێ: ئەمیرانی کورد، تایفەی هەکاری، میهرانی و حەمیدی و زەرزاری لەو خێڵە کوردانە بون کە لەشەڕدا یارمەتی سوڵتان صەلاحەدینیان داوە (فەتح قسی لە فەتحی قودسی داپەرەی ٣٠٢) بە نقل لە زوبدە ج ١ ئەمین زەکی و پەرە ٢٤٤.

□ ـ ئەمیر بیهروز کۆنە کویلەی شادی بووە و دوایی بوتە یاریدە دەرو لە لەی شازادەکانی سەلجوقی لە زەمانی سوڵتان مەسعود ـ ی سەلجوقیدا و فرە راژەو خزمەتی کردون و سەرەنجام کراوەتە والی بەغا، ئەوسا ناردویە بە دوای شادیوە قەلای تکریتی داوەتە دەسی، لە دوای مردنی شادی نەجمەدین ئەیوب و شێرکو بە جوتە بونەتە دژداری تکریت، کە شارێکی بچوکە و لە لای رۆژاوای دەجلە یەو سەر بە سامرایە (ج: ماموستا جەمیل روژ بەیانی کۆبەی شەرەفنامە بەکوردی پەرەی ١٢٦)، چونی شادی لەگەل نەجمەدین ئەییوب و شێرکۆی کوریدا لە ساڵی ٥٢١ مانگی و ١١٢٧ ز دابووە کە لە (دوین) ەوە چونەتە، تکریت.

□ قەلای خەفتیدکان، قەلای ئەبی عەلی زەرزاریە کە کوری گەورەی صەلاحەدین

Dr.Saleh Ebrahimi



مەلیک عەلی بووە و دلیلی ئاساری عیراقی پەڕەی ٢٢ دوزینەوەی قەلای خەفتیدکانی زەرزاری، بە قەلای سولتان صەلاحەدین ناوبردوە. پەرەی ٣۴، صەلاحەدین... زەرزاری هەئەویَ).

□ ئەشێ قەلاتەجن، کەلاتە گوند بویێ لەزمانی کوردیاکۆوگ فرەس هەروەک: کەلە پیاو، کەلە شێر، کەلمل، کوڵوانە، گ: گول، گوارە، گوند، گوندی، گوندشاپور، بەلام تورک و عەرەب کۆوگ دەکەنە (ق و ج) هەروەک کەلات کۆوگیان نیە، دەلێن: قەلا، کرماشان: قرماسان، زەنگان: زەنجان، گوند: جوند: جوندیشاپور. دیارە گوندنشین لە شارنشین بەعام بویرەترە، سپای گوندی، گوندی یەکان لە سپای شاری یەکان بویرترن، جاهەر بویێ گوندیکان، گوندی یەکانی سولتان صەلاحەدین ئەییوبی لە (عەکا) فرەزو زالبون، عەرەب واتاومانای زاراوەی (سپای گوندیکان، گوندی یەکانی) بە (ئەجناد) وەر گەراندوە، ئەمیش بوّتە اجدانقان: ئەجدانکان، ئەجندەکان، عیمادەدین ئیسفەهانی یار و یاوەر و قازی و نوسەری سولتان صەلاحەدین ئەییوبی لەکتێبی فەتحی قوسی لە فەتحی قودسدا دەلێ: (٢۴١ ـ ٢ ـ ٣) لەکاتی دەورەدانی (عەکا) کەتیپی حیمس و شیرز دەهاتن (جموع من الأجناد و الاعیان...) گوند بوّتە جوند، جوندیش بوّتە (ئەجناد، ئەجدانقان، ئەجدانکان، تورک و فارسیس جندرمە و جاندارمری لێ سازداوە و کانی کافران لەو گوڕفەقێ ئەییوب (دوین)دا هەیە کە بەکانی ئەجندان ناو براوەبە بەرە و دواکردن بە پێتەکان دەبێتە ئەجدانقان، ئەجندانکان، دیارە جوندیان یانی گوندیان، ئاوایی نشینان چون (ا + ن کە نیشانەی کوّیە واتای نسبەتیش دەدا (شەپوّل).

□ یاقوت حەمەوی دەلێ: مشتکهر هوحد مابین آذربایجان و بابغیش ـ ناحیة بین آذربایجان و اربیل (هەولێر) یمرُّ بها الزاب الاعلی (١/٢۴٦) و مخرج الزاب الکبیر و کانت مشتکهر من توابع اربیل فی عهد یاقوت الحموی علی ما ذکره ابن المستوفی فی تاریخ اربیل ـ پەرەی ٢١١ ج ٢ ـ یانی بابغیش: بابە چیچک ـ نیزیکی زیێ گەورەو

Dr.Saleh Ebrahimi



نێزیکی مشتکهری نێزیکی دوین ـ ەبە پێی نوسینی کوری موستەوفی: ئەبو نەسر ئەحمەد بن عەلی موشتەکهری لە ساڵی ٥٢٨ دا لە قازی ئەبو بەکر، محەمەد بن قاسم شارەزوری بیستووە، موشتەکهر ئێستا، ناوەکەی بوّتە (مەشکور) و لەبن دەسەلاتی ویلایەتی هەولێردایە (پەرەی ٢١١ کوری موستەوفی ج ١ سامی صەفار). یانی لە پێشدا موشتەکهر تابعی ئازربایجان بووە، کە پێتەختەکەی مەراغە بووە، بەلام **ناوچەی موکریانەکان لە رۆژگاری سولتان صەلاحەدین ئەیوبی، سەر بە هەولیر بووە** کە لە زەمانی کوری موستەوفی دا موزە فەرەدین گوکبری مێردی رەبیعە خاتونی زەرزاری خوشکی صەلاحەدین بووە (رەوزەتەین پەرەی ٦٠ ج ٢). لەوە دەچێ (مشتکهر) لەمشت: مست: مستێک بەواتای کۆمەڵ و توّپە لێک، کهر یا کوهر هەروەکودە زانین عەرەب (بادینان، سوّران، بوّتان) دەکاتە بهدینان، سوهران، بهتان یانی مشتکهر ـ (مشتەکورو) یانی چنگێک: مشتێک کورو، هەروەکوکوری موستەوفی دەڵێ واژەکەگوّردراوە و بوّتە (مش + کور: مەشکور، کە ئەگەر (ش) کە قورسەلە سەرزار لابچێ و (ت) یش لە بەراقرتاوە دەبێتە (مەکور)، یاقوت و تویەتی: بلاد مشتکهر: دەبێتە: مەشکور: مەکور، ئەگەر لە واژەی (مکردان، موکردان، موکر + دان و ردبێنەوە، دەزانین لەسەر شێوەی ئاگردان = ئاگر + دان، کا + دان، کل + دان، گوڵ + دان، کە دان واتای جێ و مەکان دەدا، مەکردان بە عەرەبی یانی بلاد موکر، مشکر، مشتکر: مشتێککورو لە (مشتکهر) دا (ه) زیادکراوە بوّ بیندان، هیجا، سیلاب (مشتەکور) کە هوّز و عەشیرەتەکەیە ئێستا، پیان دەڵێن: (کرو، کورو) و پێتەختەکەیان (موکردان: مُکردان)، کە لەم دوایەدا (کێلیکیسنوری) لێ دوزراوە تەوەکە ئەوکێلە نیشانەی سنور ـ ە ولە یانەی ئاسەواری شاری هەو لێر، دانراوە. یانی ئەو موکریانیانە لە روّژگاری دەوڵەتی ئازربایجان، ئاتروّ پایکان: میدیای بچوک.) پاسەوانی سەر سنوری ئازربایجان بون، وەک خەلات پیان داون تاتییّدابژین.

Dr.Saleh Ebrahimi



موکریانیان کەلەمەراغەوە بەریکراون تا پاسەوانی لە سنور بکەن و نەخشە و خەریتەی لسترنگ، ئەو هێڵ و خەتەی سەرسنور و سنورەوانی بە جوانی نیشان دەداکە لە لاپەڕەی ٦٨گۆڤاری هەزار مێرد بلاوکراوەتەوە، جابە پێی ئەوە لە سەر زێی سنوری، ئازربایجان دیاری دەکرێ و بە (بابغیش: بابچیچاک و دوێن: باب دوێن و چیای کوڕێ وگوڕ فەقێ ئەییوب و شێرەسوار یا شێرکۆ سوار دەروا و بوتە سنوری ئەودەمی ـ لە پەڕەی ۱۹۴ کتێبی کوڕی شەداد دۆست و نوسەری سولتان صەلاحەدیندا نوسراوە: (ذکر هـروب شێرکو بن باخل الزرزاری من عکا) کە قەبرێ بەو ناوە لەچیای کوڕێ هەیە. جا شێرکۆ سوار یا چووە بۆتە سنورە وان وکوژ راوە یا لەبن کانیە کبریتە دانیشتبێ تامردوە.

**داوەر: قازی و پاشاکانی دەوڵەت: ئیمپەراتۆری ئەییوبی کورد، هەمویان کوردبون.**

هەرچەند لە سەرە تای سازبونی دەوڵەتی ئەتابەکیەکان، لەکوردستانداکورد و ئەمیرە کوردەکان بە شێویەکی بەر فراوان لە حوکومەتدا بە شداربون بە تایبەت لە سـەردەمی نورەدین زەنگیدا، کورد شەر یک و برابەش بون هەر بۆێ نـوسەری کـتێبی جـەنگی **خاجداران لای وایە نورەدین زەنگی کورد بووە.** نورەدین زەنگی ئەسەدە دین شێرکۆی مامی صەلاحەدینی کردە سەرەکسپا بە تایبەت لەمیسر، لە پـاشان بـنە مـاڵەی شـادی ئەییوبی کورد خۆیان بونە پاشای میسرو شام وکوردستان، کە لەسەرکردەکانی هۆزی زەرزاری و هۆزەبانی و رەوەندی کورد بون و لە پاشان هۆزی هـەکـاری، مـیهرانـی، حەمیدی، ئەقرە: زەرزاری یەکان لەگەڵ سەرانی کوردی دیکە بووە پشتیوانیان، بەمجۆرە ئەوانیش لە حوکمرانیدا بە شدار بون: ـ ۱ ـ ۱٦۷ پاشای کوردی ئـەییوبی زەرزاری ۷ رەوەند لە ولاتانی سودان، میسر، لیبی، حەزرەموت، یەمەن، حیجاز، شـام؛ (ئۆردون، فەلەستین، لوبنان و سوریە)، کوردستان: کوردستانی بندەس تورکیە، عیراق و سوریە) و ئەرمەنستان، نیزیکەی سەد ساڵ و لە هەندێ شوێندا (۳۰۰ سال) حوکومەتیان کـردوە (بڕواننە شفا و القلوب فی مناقب بنی ایوب نوسراوی ئەحمەدبن ئبراهیم حەنبەلی بە نەقڵ